https://doi.org/10.24271/garmian.18

# پـلانی زمـانیو ڕۆڵی لە بونیاتنـانی سیستەمی پەروەردەییو فێركردنی زمانی كوردیدا

پ.ی.د.ئومێد بەرزان برزو
زانكۆی گەرمیان ـ كۆلێجی پەروەردە ـ بەشی زمانی كوردی

## پێشەكی:

پەروەردەو فێركردن بە یەكێك لە گرنگترین ئەو بوارانە دادەنرێت، كە پلانی زمانی لەخۆی دەگرێتو بە پلانی فێركردن ناودەبرێت، چونكە یەكەم هەنگاوی مامەڵەكردنی زمانیی دروست لای منداڵ پێكدەهێنێت، كە دەبێتە بەكارهێنەرێكی زمانو كەرەستەكانی. بۆیە زمان ڕۆڵێكی گرنگو سەرەكی لە ژیانی تاكەكانو كۆمەڵگاكاندا دەبینێت، بە تایبەتی لە ماڵو پرۆسەی پەروەردەو فێركردنو پرۆسەی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتیدا. لە ئێستادا وا خەریكە زمانی كوردی لە خوێندنگاكاندا تەنها دەبێتە زمانی وانەوتنەوە، بەڵام ئەمە تەنها هەمو ڕۆڵەكانی خۆی لە پێویستی كۆمەڵایەتیو ناسنامەییەكانی فێرخوازدا نابینێ، تەنانەت لە زۆربەی پرۆگرامو كتێبەكانی وانەوتنەوەدا هەوڵێكی ئاشكرا دەدرێت، بۆ ئەوەی لە پێكهاتەی نەتەوەییو نیشتمانی ڕوت بكرێتەوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پلانی زمانیو ڕۆڵی لە بونیاتنانی سیستەمی پەروەردەییو فێركردنی زمانی كوردیدا) ناوبراوە.

## گرنگی توێژینەوەكە :

پلانی زمانی لقێكە لە لقەكانی زمانەوانیی كۆمەڵایەتی، ئامانج لەم پلانە چارەسەركردنی كێشە زمانییەكانە لە وڵاتێكی سەربەخۆدا، واتە گرنگی بە لێكۆڵینەوە لەو كێشانە دەدات، كە ڕوبەڕوی زمان دەبێتەوە، بۆیە یەكێك لە ئامانجو گرنگی ئەم توێژینەوەیەش ئەركو ڕۆڵی پلانی زمانییە لە بونیاتنانی سیستەمی پەروەردەییو فێركردن بە زمانی نەتەوەیی لە سەرجەم ناوەندەكانی خوێندندا، هەروەها دانانی پلانێكی تۆكمەو هۆكارەكانیو میكانیزمێكی سەركەوتوی بەردەوام بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێركردن لە كوردستاندا.

## هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەكە :

هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ چەند پرسیارێك دەگەڕێتەوە، ئەمانەن:

1- ڕۆڵو گرنگی زمانی نەتەوەیی چییە؟ تا چەند كاریگەریی لە سەر سیستەمی پەروەردەییو فێركردندا دروستدەكات؟

2- پلانی زمانی چییە؟ ئایا زمانی نەتەوەیی پێویستی بە پلان هەیە؟

3- ئەركو ڕۆڵی پلانی زمانی لە پاراستنی زمانی نەتەوەییو بەكارهێنانی لە سیستەمی پەروەردەو فێركردندا چییە؟

4- پەیوەندی سیستەمی پەروەردەیی بە پلانی زمانی چییە؟ چۆن پلانی زمانی کاریگەریی لە سەر سیستەمی پەروەردەیی لە ناوەندەکانی خوێندندا دەنوێنێت؟

5- سیاسەتی فێرکردنی زمانە بیانییەکان چییە؟ ئامانج لەم فێرکردنە چییە؟ ئایا زمانی ئینگلیزی لە ئێستادا وەك زمانێکی سەردەمو جیهانگیری پێویستە، کە منداڵەکان بخرێنە بەر خوێندنی ئەو زمانەو فێری ببن؟

6- پێویستە منداڵ کام زمان وەك زمانی یەکەم لە باخچەی ساوایانو قوتابخانەدا بە نوسینو خوێندنەوە فێربکرێت؟

7- کەی منداڵەکان فێری زمانی بیانی ببن؟ ئەو تەمەنە گەنجاوە کامەیە، کە زمانی بیانی فێرببن؟

8- فێرکردنی زمانی بیانی پێش زمانی دایكو زمانی فەرمی تا چەند کاریگەریی لە سەر کەسایەتی منداڵ دەکات؟

## بەشەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتوە:

بەشی یەکەم باس لە ڕۆڵو گرنگی زمانی نەتەوەیی کراوە، کە لە پێنج تەوەر پێکهاتوە، کە بریتین لە: پێناسەو چەمکی زمانی نەتەوەیی، گرنگی زمانی نەتەوەیی، پێویستی زمانی نەتەوەیی، ئاسایشی زمانی نەتەوەیی، گرنگی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی.

بەشی دووەم بۆ پلانی زمانی تەرخانکراوە، کە لە حەوت تەوەر پێکهاتوە، کە بریتین لە: زاراوەو چەمکی پلانی زمانی، گرنگی پلانی زمانی، سودی پلانی زمانی، ئەرکی پلانی زمانی، ئامانجی پلانی زمانی، هەنگاوەکانی پلانی زمانی، جۆرەکانی پلانی زمانی.

لە بەشی سێیەمدا باس لە پلانی زمانیو سیستەمی پەروەردەو فێرکردن کراوە، کە لە پێنج تەوەر پێکهاتوە: زمانی نەتەوەییو ڕۆڵی لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا، پلانی زمانیو پلانی پەروەردەیی، پەروەردەی تاك زمانو پەروەردەی جوت زمان، فێرکردنی زمانی بیانیو کاریگەریی لەسەر سیستەمی پەروەردەو فێرکردن، گیروگرفتەکانی فێرکردنی زمانی بیانی لە پرۆسەی پەروەردەدا .

لە کۆتایدا کۆمەڵێك پێشنیارو ئەنجام لەگەڵ پەراوێزەکانو لیستی سەرچاوەکانو کورتەیەکی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتە ڕو.

## بەشی یەکەم/ ڕۆڵو گرنگی زمانی نەتەوەیی:

### 1-1/ پێناسەو چەمکی زمانی نەتەوەیی:

زمان یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی پێکهێنانی نەتەوە، چونکە زمان شوناسو ئامرازی لەیەکگەیشتنو گەیاندنی بیروهزرو ناساندنی کەلتورو شارستانیەتو مێژوی... هەمو نەتەوەیەکە، بۆیە نەتەوەی بێ زمان بونی نییە، هەمو نەتەوەیەکیش تەنها لە ڕێگەی زمانەوە باس لە شوناسو کەلتورو شارستانیەتو مێژوی.... خۆی دەکات. بۆیە (جۆهان

هەردەر) زمان بە گیانی نەتەوە دادەنێت، پێیشی وایە، کە باشترین گوزارشتکەرە بۆ بیرو ڕەسەنایەتی، بەو واتایەی نەتەوە بونەوەرێکی ئەندامییە، زمانیش دیاردەیەکی بنەڕەتیو سەرەتایی نەتەوەیە[1]. تەنانەت (ستالین) جەخت لە سەر بونو گرنگی زمان دەکاتو دەڵێت: پێویستە هەمو نەتەوەیەك چوار مەرجی هەبێت، کە ئەمانەن[2]:

1- زمان.

2- هەرێمی هاوبەش.

3- پەیوەندیی ئابوریی هاوبەش.

4- ڕۆشنبیریی هاوبەش.

واتە زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهێنانی نەتەوە، بۆیە هەر هەڕەشەو مەترسییەك بۆ سەر زمان، هەڕەشەیە بۆ سەر یەکپرێزیو ناسنامەی ئەو نەتەوەیە، بەمەش ئاسایشی زمانی نەتەوەیی دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەو ململانێی زمانەکانی ترەوە. دەتوانین بڵێین، زمانی نەتەوەیی بریتییە لە زمانی فەرمیی نەتەوەیەك، کە لە ڕێیەوە گوزارشت لە شوناسو کلتورو شارستانیەتو مێژوی خۆی دەکاتو زمانێکە بە هێماو شوناسی نەتەوە ناودەبرێت.

زمانی نەتەوەیی لە هەر وڵاتێکدا سێ ئەرکی گەورەو بنچینەیی ڕادەپەڕێنێت، کە بریتین لە[3]:

1. بەڕێوبردنی کاروباری ئیداریو پەروەردەییو تەندروستیو کۆمەڵایەتی.

2. گەشەپێدانی کلتوری هاوبەش، کە خەڵکی کۆدەکاتەوە.

3. پتەوکردنی گیانی نیشتمانیو نەتەوایەتیو هەستی هاوڵاتێتی بۆ گرێدانی خەڵك بە یەکترییەوە.

بە لێکدانەوەو تێبینیکردنی ئەو سێ ئەرکەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێ، ئەرکی یەکەمی زمانی نەتەوەیی وەك زمانێکی فەرمی، پێویستە لە سەرجەم نوسراوە فەرمییەکانی دەوڵەتو سیستەمی پەروەردەو فێرکردنو بواری تەندروستیو کۆمەڵایەتیو کلتوریو....تاد بەکاربهێنرێت، هەروەها ئەرکی دووەمو سێیەمی زمانی نەتەوەیی، ئامانجگەلی نەتەوەیی دەپێکن. واتە چۆن خاکێك کۆی نەتەوەیەك بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هاوکاتیش ڕۆڵی زمانێکی فەرمیش بونی ناوەکی گیانو ئاوەزی نەتەوەکەیە[4]. بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ ئەزمونی جووەکان لە جیهاندا پێچەوانە دەکەوێتەوە. چونکە ئەزمونی یەهودییەکان نیشانی دەدات، ئەوە زمان نییە، کە پێش پرسی ناسنامەو هوشیاریی نەتەوەیی دەکەوێت، بگرە بە پێچەوانەوە ئەوە وشیاریی نەتەوەییو ئایدۆلۆجیای سیاسییە، کە پرسی ئافراندنی زمانێك دەکات بە یەکێك لە باوەڕەکانی خۆی بۆ گەشەپێدانی پرۆژەی سازکردنی نەتەوەیەك[5]. هەرچەند ئەم بۆچونە تا ڕادەیەك لۆژیکییەتی تێدایە، بەڵام بە دیوێکی تردا، دەکرێ بپرسین: ئایا ئەگەر جووەکان خاوەنی زمانی عیبری نەبونایە، دەیانتوانی بۆ خۆیان زمانێك دروستبکەن، تا لە ڕێیەوە دەوڵەتی ئیسرائیلی دابمەزرێنن؟

هەمو زمانێکی نەتەوەیی درێژکراوەی زارێکە، کە بە کاریگەریی کۆمەڵێك هۆکار گەشەی کردوەو خەملیوە، تا گەیشتوەتە ئاستێك، کە ببێتە زمانی نەتەوەیی، دیارە ئەم پرۆسەیەش هەروا سادە نییە، بەڵکو دەبێ ئەو زارەی کە دواجار دەبێتە

زمـانی نەتــەوەیی، کۆمــەڵێك تایبەتمەنـدیی دیـاری هــەبێت، تــا بگاتــە ئاسـتێك بـۆ زمــانێکی نەتــەوەیی دەسـتبدات. تایبەتمەندییـەکانیش بـریتین لـە: (هەڵبـژاردن، تۆمـارکردن، بـوار فراوانکـردن، ڕەزامەنـدی، جێبـەجێکردن)[6] . باشـترین نمونەش کە زۆربەی وڵاتان پەیڕەوی دەکەن، ئەوەیە کە تەنیا پارێزگاری لە یەك زمانی فەرمی دەکەن، بەبێ هـیچ زارێكو بەبێ پێشکەوتنی هیچ زمانێکی بیانی، فێرکردنی ئەم زمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فێرخواز سەرەتا لە یاساو ڕێساو تۆری میکـانیزمی زمانەکـەی تێربێـت، ئـەو کاتـە بـە ڕوی زمـانێکی تـر بکرێتـەوە، دەتـوانین فەرەنسـاش وەك باشـترینو سەرکەوترین نمونە وەربگرین بـۆ ئـەم جـۆرە زمانـە، لەبەرئـەوەی فەرەنسـا یـەك زمـانو یـەك نەتـەوەو یـەك وڵات پێکـی دەهێنێت، هەر بۆیە نەتەوەی فەرەنسی توانیان زمانێکی نەتـەوەیی لـە زاری ئۆیـل (Langue d'Oil) لـە سـەر حیسـابی زارەکانی ترو بە سەرپەرشتی مەلیك فرانسۆی یەکەم پێکبهێنن[7].

### 2-1/ گرنگی زمانی نەتەوەیی:

**1-** زمان بە بنەماو پایەکانی سەرەکیی نەتەوە دادەنرێت، چونکە زمان بونیاتنـانی نەتـەوە پێکـدەهێنێت، بۆیـە زمـان لـە پێناسەی نەتەوەدا بنەماو کۆڵەکەیـەکی بـەهێزی هەیـەو فاکتـەری ناسـاندنی نەتەوەیـە، هـەروەها ناسـنامەیی نەتـەوەیی نەتەوەیـە. لـەبارەی گرنگـی زمـانی نەتەوەییـەوە کـالیتۆن هاینـەر (kaliton haynar) دەڵێـت: زمـانی نەتەوایـەتی کاریگەرییەکی دو چەندانەی هەیە، لە لایەکەوە پەیوەنـدیی پێکـەوەلکانی ئەندامـەکانی نەتـەوە ئاسـاندەکاتو کەلـەپوری مێژوی نەتەوەکە دەپارێزێت، کە ئەدەبو بەهاو نەریتو بیروباوەر دەگرێتـەوە، ئەمـەش لـە کۆتایـدا هەسـتی تـەبایی لای قسەپێکەرانی دروستدەکات، لـە لایـەکی تریشـەوە زمـانی نەتەوایـەتی جـەخت لـە سـەر ئـەو جیاوازییانـە دەکاتـەوە، کـە نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی تر جودادەکاتەوە[8].

**2-** زمان بە یەکێك لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی دروستبونی نەتەوە دادەنرێت، واتە بونی زمانێکی تایبـەتو جیـاوازبونی نەتەوەیەك دەسەلمێنێت، بەم پێیە زمانو نەتەوە تەواوکەری یەکترن. وەك (جوهان فیختە) پێی وایە، کە زمانی ئـەڵمانی بنەمایەکی سەرەکییە بۆ نەتەوەی ئەلمانیا، داوای ئەوەیشی لێکردن، کـە پێویسـتە هـەمو ئـاخێوەران پێـی بـدوێین، بـەو پێیەی یەك نەتەوەن[9].

**3-** نەتەوە پێویستی بە زمانە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات. لەم بارەیەوە (شێخ محمـدی خـاڵ) دەڵێـت: زمـان پایەیـەکی گـەورەو بـەهێزی لـە کۆشـکی کۆمەڵایەتیـدا هەیـە، هۆکـارێکی بـەهێزە بـۆ ڕێکخسـتی کۆمـەڵو گـەل لـە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا، بەڵکو زمان گیانی گەلە، ئەگەر زمان هەبو، گەل هەیە، زمانیش نەبو، گەل نییە، هەروەها دەڵێـت هەر گەلێك زمانو فەرهەنگی نەبێت، لەگەڵ گەلان ناژمێردرێتو ناناسرێتەوە، بەڵکو ئەکرێت بە بەردە بازو پێ شێل لە ژێر پێی ئەو گەلانەی کە بۆ کوێستانی ژیان ئەچێ، تا سەرئەنجام لەناوئەچنو لەگەڵ خاك یەکسان ئەکرێن[10].

4- هەروەها زمانی نەتەوەیی بنەمایەكی سەرەكیی ئاسایشی نەتەوەییە، چونكە زمان ڕۆڵێكی گرنگی لە مانەوەی نەتەوەدا دەبینێت، هەر هەرەشەو مەترسییەك بۆ سەر زمان، هەرەشەیە بۆ سەر خودی نەتەوەكە لە هەمو بوارەكانی ژیاندا، بە تایبەتی ئەو نەتەوانەی كە خاوەنی دەوڵەت نین.

بۆ نمونە یابان توانی لەو شكستە هەڵبستێتەوە، كە لە دووەم جەنگی جیهانی خواردی، لە پاش ئەوەی ڕای خۆی لە سەر بەكارهێنانی زمانی نەتەوەیی یابان لە سەرجەم بوارەكانی ژیاندا جێگیركرد، بەوەش بو بە یەكێك لە گەورەترین جەمسەرەكانی پیشەسازی لە جیهاندا، بە تایبەتی سودی لە زمانەكەی وەرگرت بۆ شاردنەوەی نهێنییە تەكنیكییە هەستیارە یابانییەكان لە بەرانبەر ولأتە كێبركێكانی خۆی، بۆیە یابان بەوە ناسراوە، كە لە بواری وەرگێڕاندا زۆر لە زمانەكانی تر پێشكەوتوترە، بەوەش ڕێكەوتنامە لەگەڵ گەورە دەزگاكانی بلأوكردنەوە جیهانییەكان دەبەستێت بە مەبەستی بەچاپگەیاندنی چاپی یابانی لە بلأوكراوەكانیدا. لە لایەكی تریشەوە دەبینین ژمارەیەك لە ولأتان زمانی داگیركەرانیان كردوەتە ئامرازی سەرەكی بۆ وەرگرتنی زانیاری، بۆیە لە پلەی شارستانیو تەكنیكی خوارەوە لە جیهاندا ماونەتەوە، وەك نمونەی ولأتانی ئەفریقاو ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستو ....هتد[11].

### 3-1/ پێویستی زمانی نەتەوەیی:

ناتوانرێ كۆمەڵگایەكی زانیاری بەبێ زمانی نەتەوەیی بونیات بنێردرێت. چونكە زمانی نەتەوەیی پێویستییەكی بنچینەییە لە سەرجەم سێكتەرە جیاجیاكانی ژیاندا، لێرەدا هەوڵدەدەین، بە كورتی لێیان بدوێین:

**1- پێویستی نەتەوەیی:** زمان بە یەكێك لە گرنگترین پێكهێنەرەكانی بونی كورد دادەنرێت، بۆیە بەڵگەیەكی گرنگی سەلماندنی خودی هەمو تاكێكی كوردەو چەسپاندنی ئامادەبونیەتی لە بەرانبەر ئەو مەترسیانەی كە ڕوبەڕوی نەتەوەكەمان دەبێتەوە، واتە زمان گوزارشت لە كەسایەتی تاكو شوناسی نەتەوەیی دەكات. باشترین نمونەش ئەو هەڕەشەو مەترسیانەیە، كە ڕوبەڕوی زمانی كوردی لە باكوری كوردستان لەلایەن توركەوە یان لە ڕۆژهەلأتی كوردستان لەلایەن فارسەوە دەبێتەوە.

**2- پێویستی ئاینی:** چەندین نەتەوەی خاوەن بیروباوەڕی ئاینی جیاواز بە درێژایی مێژو لە كوردستاندا ژیاون، وەك (ئیسلام، جولەكە، گاور، ئاشوری، كلدانی، نەسرانی، یەزیدی،.....)، بەلأم بەشێكی زۆری دانیشتوانی كوردستان هەڵگرو شوێنكەوتوی بیروباوەڕو پەیامی ئاینی ئیسلامن، واتە قورئانی پیرۆزو ئاینی ئیسلام بونەتە بەشێكی گرنگ لە ژیانی كۆمەڵگای كوردەواریدا، بەمەش كاریگەریی زۆرتری لە كتێبە ئاسمانییەكانی تر هەیەو لە نێو بەرهەمی نوسەرانو شاعیرانو زمانەوانەكاندا ڕەنگی داوەتەوە. تەنانەت كاریگەریی لە سەر ئاستی ڕۆشنبیریو كۆمەلأیەتیی تاكی كورددا كردوە. بۆیە نەتەوەی كوردیش بەردەوام هەوڵی داوەو تا پێی بكرێت، سونەتو شەریعەتی ئیسلامو قورئانی پیرۆز بە پەیامو وێردو دروشمەكانی ئەم ئاینە بە زمانە نەتەوەییەكەی بگەیەنێتە نێو نەتەوەكەی بە مەبەستی ئەنجامدانو جێبەجێكردنی پەیامەكانی ئاینی ئیسلام، چونكە ئاین هۆكارێكی گرنگی نەشونماو گەشەو مانەوەی مرۆڤو زمانەكەیەتی.

**3- پێویستی زانستی:** بواری زانستیو تەکنیکی بەشێکی گرنگن لە مێژوی پێشکەوتنی هەمو نەتەوەیەك، لێرەدا لێیان دەدوێین[12]:

**ا-** لابردنی دەستەگەرایی زانستو زانیاری، وەك ئاشکرایە، کە کۆمەڵگای زانیاری ئامانجی بلاوکردنەوەی زانیارییە لە نێوان سەرجەم تاکەکانیدا بە دەستکەوتنی زانیاری بۆ هەمووان بە فێرکردنو پێگەیاندنو هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە، تا گەیشتن بە خۆشگوزەرانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو کەلتوریو سەقامگیری سیاسی. بیگومان پشتبەستن بە زمانی بیانی لە فێرکردنو بلاوکردنەوەی زانیاریدا، وا دەکات، تەنها ئەم زانیارییانە لای دەستەیەك قۆرغ بکرێت، کە زمانی بیانی دەزانن، ئەمەش پێچەوانەی سادەترین مافی مرۆڤە لە وەرگرتنی ڕاستی زانیاریو ڕاستی بەکارهێنانو سودلێوەرگرتن لە بوارەکانی ژیانداو بەتایبەتی لە بواری تەندروستیو ئابوریدا.

**ب-** ئاسانی بەدەستهێنانی زانیاری بە زمانی نەتەوەیی، وادەکات، کە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە بەشدارییەکی بەرچاو لە بونیاتنانی کۆمەڵگاکەیانو بوژاندنەوەی بەردەوامو کاریگەر بکەن.

**پ-** ڕزگاربون لە قۆرغکردنی زانیاریو زاڵبونی هەڵگرانی لە وڵاتدا، بەو پێیەی برێکی کەم لە زانیاری دەبەخشن، وەك ئەوەی بە سەر ڕۆڵەکانمان لە زانکۆکانیاندا دێت.

**ت-** بە کوردیکردن هەلێکی باش بۆ پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستیو بەرزکردنەوەی دەرەخسێنێت، لە کاتێکدا ژێدەرو سەرچاوەو توێژینەوەکان بە زمانی کوردی لەبەر دەستدا بن، بێگومان ئەو توێژینەوە زانستیانەش کە توێژەری کورد بە زمانێکی بیانی دەینوسێت، ئەوا لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستێکی تردا بەشداردەبێتو لە چوارچێوەی دەستکەوتی شارستانیو میراتی زمانە بیانییەکەدا هەژماردەکرێت.

**ج-** لە تایبەتییەکانی فێرکردنی زانکۆیی بە زمانی کوردی ئەوەیە، کە ئەم جۆرە فێرکردنە بەو پیشەیەوە پەیوەست بکات، کە پەیوەندی بە زانستی زانکۆییەوە هەیە، چونکە دەبێت وتنەوەی بابەتی زانستی بە زمانی کوردی بە کارو پیشە زانستییەکانەوە ببەسترێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی بلاوبونەوەی زانیاریو ڕۆشنبیریی زانستی.

**4- پێویستی ئابوری:** دابینکردنی داراییو کارگێڕی (التخصیصات المالیه والاداریه) بە بنەمایەکی جێبەجێکردنی پلانی زمانی لە هەمو وڵاتێکدا دادەنرێت، چونکە لایەنی دارایی پێویستییەکی گرنگی هەمو نەتەوەیەکە بە مەبەستی بوژاندنەوەو گەشەکردنو پەرەپێدانی زمانی نەتەوەیی لە ڕێگەی بەچاپگەیاندنی پەرتوكو وەرگێڕانو ئەنجامدانی کۆنفرانسی ناوخۆییو نێودەوڵەتیو.....هتد.

بۆ نمونە حکومەتی ئیسپانیا ساڵانە ملیۆنەها دینار لە ڕێگەی دامەزراوە حکومیو ناحکومییەکانەوە بۆ فێرکردنی زمانی ئیسپانی تەرخاندەکات، کە مۆرکێکی کەلتوری لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی هەیە، لە بەناوبانگترین ئەو دامەزراوانەش (پەیمانگای ڕۆشنبیریی سێرڤانتس) کە ساڵی (1991) دامەزراوەو لە (44) وڵاتی (5) کیشوەری جیهاندا بونیان هەیە، وەك: ئەڵمانیا، جەزائیر، ئوسترالیا، بەلجیکا، میسر، نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فلپین، فەرەنسا، ئێرلەندا، ئیتالیا،

لوبنان، مەغریب، پۆلۆنیا، پورتوگال، بەریتانیا، روسیا، فەلەستین، رۆمانیا، سوریا، تونس، ..... شایانی باسە ئەم پەیمانگایە وانەی زمانی ئیسپانی بە ڕێگایەكی پێشكەوتوی بینین‌و بیستن‌و یاری‌و وێنە بۆ گەورەو بچوك، هەروەها چەندین وانەبێژی كەلتوری‌و گەلەری هونەری لە سالێكدا پێشكەشدەكات، تەنانەت چەندین ماڵپەرو سایتی جیهانیان هەیە، كە تایبەتە بە پێشكەشكردن‌و فێركردنی وانەی زمانی ئیسپانی[13].

**5- پێویستی شارستانی‌و كەلتوری:** زمان چرای شوناس‌و شارستانیەت‌و كەلتوری تاك‌و كۆمەڵە. بۆ نمونە ئەگەر چاوێك بە مێژوی زمانی كوردی بخشێنین، دەبینین زمانە كۆنە كوردییەكان بەگشتی هەلگری شوناسی كەلتوری‌و شارستانی ڕەچەڵەكی كوردن لە سەردەمە جیاجیاكاندا. هەروەها ناتوانرێت فێركردنی زمان بە تەنها فەراهەم بكرێت بەبێ پاڵپشتی ڕەگەزی شارستانی‌و كەلتوری، چونكە ئەمانە ڕەگەزێكی زۆر گرنگن لە پێكهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی، بۆ نمونە وڵاتانی ئەمریكای باشور شارستانیەت‌و كەلتوری ئیسپانیان دەوڵەمەندكرد، بەوەی لە ڕابردودا لەگەڵ ئیسپانیا هاوپەیمان بون‌و زمانێكی هاوبەشیان هەبو، ئەمەش بو بە هۆكاری پتەوكردنی پەیوەندییەكانی نێوان هەردو كیشوەری ئەوروپاو ئەمریكای باشور، هەروەها پێكەوە كاریان بۆ بلاوكردنەوەی كەلتورو شارستانیەتی ئیسپانی بە ڕەگەزە جیاوازەكانیانەوە لە جیهاندا دەكرد[14].

### 4-1/ ئاسایشی زمانی نەتەوەیی:

زمان یەكێكە لە بنەما سەرەكییەكانی پێكهاتەی نەتەوەیی، بۆیە پاراستنی ئاسایشی زمانی هەر نەتەوەیەك، پاراستنی ئاسایشی خودی نەتەوەكە خۆیەتی، بە پێچەوانەشەوە كاتێك ئاسایشی زمانی نەتەوەیی ڕوبەڕوی مەترسی دەرەكی یان ناوەكی دەبێتەوە، ئەوا بە جۆرێك لە جۆرەكان ئاسایشی نەتەوەیی بە گشتی ڕوبەڕوی هەمان مەترسی دەبێتەوە. بۆ ڕونكردنەوەی زیاتری ئەم چەمكەش (ئاسایشی نەتەوەیی)، پێویستە سەرەتا هەریەك لە زاراوەكانی (ئاسایش)و (نەتەوە) ڕون بكەینەوە.

دیارە لە ڕوی فەرهەنگییەوە، وشەی ئاسایش لە بنەمادا لە (ئاسایشت)ەوە هاتوە، كە واتای (ئاسودەیی، ئیسراحەت، بێخەمی) دەگەیەنێ[15]. كەواتە ئاسایش زاراوەیەكە ئاماژەیە بەو بارودۆخە دەكات، كە پەیوەندی بە ئاسودەیی‌و بێخەمی مرۆڤەكانەوە هەیە، چونكە لە دۆخێكی ئاسودەو بێخەمدایە، كە هەمو لایەنێكی ژیان بە زمانیشەوە گەشەو نەشونما دەكات. هەرچی وشەی نەتەوەیشە واتای (ڕەگەز یان نەژاد) دەگەیەنێت، كە لە عەرەبیدا (قــوم)ی بەرامبەر هاتوە. بەمەش زمان دەبێتە پێناسەی نەتەوەو بە بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێ، تەنانەت پیرۆزی‌و خۆشەویستی‌و شیرینی زمان دەگاتە ڕادەیەك، كە تاكەكانی نەتەوە لە پێناویدا دەبنە قوربانی‌و شۆڕش بۆ بەكارهێنانی دەگێڕن[16]. بێگومان ئاسایشی زمان بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە (ئاسایشی نەتەوەیی)یەوە هەیە. كە ئەمەی دواییان چەمكێكی گشتگیرترەو هەریەك لە ئاسایشی خۆراك‌و ئاسایشی ئابوری‌و ئاسایشی سیاسی‌و هەروەها ئاسایشی

كۆمەڵایـەتیو ژینگـەییو تەنانـەت ئاسایشـی ڕۆشـنبیرییو هونـەرییش دەگرێتـەوە(17). دەكرێـت ئامانجـەكانی ئاسایشـی نەتەوەیی بەم شێوانەی خوارەوە دابەشبكەین(18):

1- پاراستنی سەربەخۆییو یەكپارچەیی خاك.

2- وەدیهێنانی خۆشگوزەرانیی خەڵكو سەقامگیری سیاسیی وڵات.

3- پاراستنو پەرەپێدانی بایەخە نەتەوەییو بیروباوەڕەكان.

4- دابینكردنی دەرفەتی ئاسودەیی دەرون بەرانبەر بە ئەگەری هەڕەشەكان.

دەبینین زمانی كوردی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەكەوێتە بەردەم هەڕەشەیەكی دولایەنەیەوە، واتە هەڕەشەی ناوخۆییو هەڕەشەی دەرەكییەوە، لە ڕاستیدا هەریەك لەوانە مەترسییەكی ئێجگار گەورەن لە بەردەم ئایندەی زمانی نەتەوەیی كوردیدا، بەوەش مەترسی دەكەوێتە سەر ئایندەی ئاسایشی نەتەوەییمان، لەوانە:

## یەكەم/ هەڕەشە ناوخۆییەكان:

1- نەبونی زمانێكی فەرمیو ستاندارد لە باشوری كوردستاندا، تا بڵێین خاوەن یەك زمانی نەتەوەیی كوردین.

2- هاندانی زارو شێوەزارەكان بۆ بە ستانداردبون، ئەمەش وادەكات، پرۆسەی دروستبونی زمانی نەتەوەیی دوابكەوێت، یان هەر بە تەواوەتی پشتگوێ بخرێت، دیارە مەبەستمان لەوە نییە، كە نابێ هیچ گرنگییەگ بە زارو شێوەزارەكانی زمانی كوردی نەدرێ، بەڵكو مەبەست ئەوەیە، كە نابێ گرنگیپێدانەكان بگاتە ئاستی هاندانو چاندنی بیری دوبەرەكیو ململانێی ناوچەگەرێتی، كە وا لە ئاخێوەرانی زارو شێوەزارەكان بكرێ، هەریەك لای خۆیەوە بانگەشەی ستانداردبون بۆ خۆی بكات، چونكە ئەم ڕەفتارە نابەرپرسانەیە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی كەرتبونو پەرتەوازەبونی یەكێتی نەتەوەیی كوردو هەروەها مەترسی لە سەر ئاسایشی زمانی نەتەوەییو تەنانەت خاكەكەیشی دروستدەكات.

3- ئەو زۆریو بۆرییەی بواری چاپو چاپەمەنیو كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی (بینراو و بیستراو و خوێنراو)، كە لە ڕوی بنەماكانی زمانی كوردییەوە، زۆرجار شێواویو بێ پلانییەكی سەیریان پێوەدیارە، بۆ نمونە كەناڵەكانی سەتەلایت بە ئارەزوی خۆیان ڕێنوسی كوردی بە هەردو پیتی لاتینیو ئارامی بەكاردێنن، كە هی ئەمیان لە هی ئەویان زۆر جیاوازەو وەك ئەوەی بڵێی دو كەناڵی یەك نەتەوە نەبن، ئەمە سەرباری ئەو هەمو هەڵە زمانەوانیو ڕێزمانییانەی كە لە كاتی پێشكەشكرنی هەواڵو بەرنامەكانیاندا تێبینی دەكرێن، خۆ باسی ڕۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنییەكان هەر ناكرێت، بەو پێیەی پێڕەوی یەك شێوازی ڕێنوسی یەكگرتو ناكەنو تەنانەت شێوازی نوسینیش لەوە چووەتە دەرەوە، كە پێڕەویی لە كوردییەكی پەتی بكرێ، هەڵبەتە كاریگەریی میدیاش بە گشتی زۆر زەقە بە سەر كۆمەڵەوە، بۆیە ئەو بارە نالەبارەی میدیای كوردی تەواو ڕەنگدانەوەی لە سەر زمانی كوردی هەیە، ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەكان زو فریای نەكەون، جارێكی تر زمانەكەمان دوچاری جینۆساید دەبێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە سەر دەستی خۆمانو لە سایەی دەسەڵاتی حكومەتی خۆماڵی خۆماندا دەبێت.

4- لە ئێستادا هەڕەشەو ململانێی زمانەكانی ترو بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی لە سەر زمانی كوردی دەبینین، لە ڕابردودا سیستەمی خوێندنو فێركردن كرابو بە زمانی عەرەبی، واتە زمانی نەتەوەیی كوردی بە هەمو جۆرێك لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە قەدەغەكرابو و بە چەندین پیلان هەوڵی نەمانو لاوازكردنو قەدەغەكردنی زمانی كوردی دەدرا، بەڵام ئێستاكە

زۆربەی ناوەندەکانی خوێندنو فێرکردن کراون بە زمانی ئینگلیزی، بەتایبەتی قۆناغی باخچەی ساوایانو سەرەتایی کە گرنگترین قۆناغی وەرگرتنو فێرکردنی زمانی نەتەوەییە ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە هاندانی منداڵەکانمانە بۆ ئەوەی بە زمانێکی جیهانی وەك زمانی ئینگلیزی بخوێننو قسەبکەن، چونکە زمانێکی نیودەوڵەتییەو پێداویستی داهاتوی ژیانە.

## دووەم/ هەڕەشە دەرەکییەکان:

**1-** ئەو هوروژمە بەرفراوانەی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا، کە بێگومان دیاردەیەکی جیهانگەراییەو کەس ناتوانێ بە ئاسانی خۆی لێ دەربازبکات، بەڵام لە سەر ئاستی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی پرسەکە دەچێتە بارێکەوە، کە خۆلادان لێی دوچاری مەترسییەکی کوشندەمان دەکاتەوە. ئێمە ڕۆژانە سەدان وشەی ئینگلیزی لە ڕێگەی ئینتەرنێتو مۆبایلو ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی ترەوە وەردەگرینو بەکاریشیان دەهێنینەوە، بێ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، کە هیچ نەبێ سیمایەکی کوردانەیان پێوە دیاربێ، ئێمە نامانەوێ دەرگا لە سەر هاتنە ناوەوەی وشەی نوێ بۆ نێو زمانەکەمان دابخەین، بەڵام نەك بەو شێوەیەش، کە ئێستا زمانی کوردی تێی کەوتوە، چونکە ئەگەر ئەم حاڵەتە وا بەردەوام بێت، لە چەند ساڵی داهاتودا، زمانێکی کوردی تەواو سەروگوێ شکاومان بۆ دەمێنێتەوە، وەك زمانی فارسی کۆن کە نەیتوانی پارێزگاریی لە سەربەخۆیی خۆی لە بەردەم هوروژمی زمانی عەرەبی لە ژێر کاریگەریی ئاینی ئیسلامدا بکات، ئەوەتا تا هەنوکەش بەو دەردە بێ دەرمانەوە دەناڵێنێت، ئەم مەترسییەی ئێستا بە هۆی زمانی تەکنەلۆژیاوە، کە زمانی ئینگلیزییە، ڕوی لە زمانەکەی ئێمەش کردوە، ئایا ئەمە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوەی فارسەکاندا هەیە؟ مەگەر تەنها ئەوەندە بێ، کە ئەوان دەمێکە دەستیان لەو بەعەرەببونەی زمانەکەیان شۆردوەتەوەو ئێمەی کوردیش وا بێئاگایانە زمانەکەمان بەرەو دۆخێکی وەها دەبەین واتە (بە ئینگلیزیبون).

**2-** ئەو فرەزمانییەی کە دەبێتە سەرچاوەی کێشمەکێشمو فاکتەرێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نمونە ئێستا لە کوردستانی باشوردا چەندین نەتەوەی وەك کوردو تورکمانو ئاشوریو کلدانیو مەسیحیو ....هەن، کە کەمینەن لەچاو ئەو کوردانەی کە بە ڕەچەڵەك کوردنو بە زمانی کوردی دەدوێن، بەمەش چەندین زمانی جیاواز هەنو بووەتە ناوچەیەکی فرەزمان، لەوانەیە ئەم فرەزمانییە لە پاڵ کۆمەڵێك هۆکاری سیاسیو ئاینیو جوگرافیو .....ببێتە هۆی سەرهەڵدانی چەند گیروگرفتێك بۆ بەفەرمی ناساندنی زمانەکەیان لە دەستوری وڵاتدا ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە ببێتە هۆی دروستبونی لێکترزاندنو هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەم نەتەوە خاوەن زمان جیاوازانەدا.

## 5-1/ گرنگی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی:

لێرەدا دەپرسین: گرنگی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی لە چیدایە؟ بۆچی پێویستە زمانی نەتەوەیی لە هەڕەشەو مەترسییە دەرەکیو ناوخۆییەکان بپارێزین؟ ئەو ڕێوشوێنانە چین، کە پێویستە لەم کردەیەدا بگیرێنە بەر؟

ئاسایشی زمانی دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئاسایشی شارستانیو کەلتوریو بیری، هەروەها گرنگی ئاسایشی زمان لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە پارێزگاریی لە بونی نەتەوەیی دەکات، ئەگەر زمانی نەتەوە بکەوێتە بەردەم هەڕەشەی

لەناوچونو کزبون، بێگومان کاریگەرییەکی خراپی لە سەر لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی دەبێت، ئەمەش وادەکات، تاکەکانی نەتەوە گوێ بە کلتورو فەرهەنگی خۆیان نەدەنو وردەوردە وای لێدێت، بونی نەتەوەییان لەدەستدەدەن. هەروەك چۆن چەندین نەتەوەی خواروی نیمچەدورگەی عەرەبو شامو باکوری ئەفریقا، بەهۆی بەعەرەبکردنەوە بونیان نەماوەو لە ئەنجامی نەمانی زمانەکەیان خاكو وڵاتیشیان نەماوەو ئێستا هەمو ئەو میللەتانە بە عەرەب دەناسرێنو وڵاتەکەشیان بە عەرەبستان ناسراوە[19]. وەك ئەمازیغییەکانی مەغریبو قیبتییەکانی میسرو شەرکەسیو نەساتیرەو بەربەریو ئەفاریقە نوبییەکانو... تاد، کە بە نێو وڵاتانی عەرەبیدا پەرشوبڵاوبونەتەوە[20]. هەڵبەتە ئەم پرۆسەی تەعریبکردنە لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە دەستی پێکردوەو نەتەوەی کوردیش وەك نەتەوەکانی تری بندەستی هەژمونی دەسەڵاتی عەرەب بەر ئەو پرۆسە دزێوە کەوتوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کورد بەپێی قۆناغو سەردەمەکە وشیارییەکی نەتەوەیی هەبووە، هەروەها خۆشەویستی بۆ زمانەکەی هەبووە، بۆیە ئەم پرۆسەی تەعریبکردنە نەیتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ بکاتە سەر زمانەکەمان، ئەگەر لە ماوەیەکی دیاریکراویشدا کردبێتی، بەڵام توانیویەتی لێی دەرباز ببێ.

لە مێژووی هاوچەرخیشدا زمانی کوردی جارێکی تر ڕوبەڕوی تەعریب کراوەتەوە، لە لایەن هەردو ڕژێمی دیکتاتۆری حیزبی بەعسەوە لە سوریاو لە عێراقی تا پێش ساڵی (2003)یش ئەم پرۆسەیە هەر بەردەوام بو، تەنانەت لە سوریا ناونانی کوردی لە منداڵیش قەدەغەکراو بووە، خۆ ئەگەر سەرپێچی لەوەش کرابا، ئەوا ڕەگەزنامەی پێ نەدەدرا، هەرچی ڕژێمی بەعسی عێراقییش بو، دیسانەوە بە هەمان عەقڵییەتی شۆفێنییەوە مامەڵەی لەگەڵ زمانی کوردیدا کردوە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستانەوە لە ساڵی 1991 ئەم بارە گۆڕانی بە سەردا هاتوە، ئەگەرچی هێشتا هەڕەشەو مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی هەر ماون، بەڵام لە شێوەدا گۆڕانیان بە سەردا هاتوە، بەو مانایەی وێڕای ئەوەی کورد خاوەنی دەسەڵاتو حکومەتی خۆیەتی لەم پارچەی کوردستاندا، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە زمانێکی نەتەوەیی ستاندارد بۆ خۆی دیاری بکات.

## بەشی دووەم/ پلانی زمانی (Language planning):

### 1-2/ زاراوەو چەمکی پلانی زمانی:

زاراوەی پلانی زمانی بۆ یەکەم جار لەلایەن زمانەوان ئۆرێل ڤاینریش (Uriel weinreich) لە سەرەتای ساڵی (1950) لە نیۆیۆرك بەکارهێنراوە، ئەم زمانەوانە لە سیاقی زمانو زاری کۆچبەرەکاندا کاری دەکرد بە کارلێکردن لەگەڵ هەریەکەیان لەگەڵ ئەوی ترو لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا[21]. بەڵام یەکەم کەس کە بە ڕێگایەکی زانستی زاراوەی پلانی زمانی بەکارهێناوە، ئەوا توێژەرێکی کۆزمانەوانی بە ڕەگەز نەرویجی بە ناوی ئاینەر هاوگن (Einer Haugen) بووە، کە لە ساڵی (1959)دا لە توێژینەوەیەکدا دەربارەی یەکخستنی زمانی پێوانەیی لە نەرویج بە ناونیشانی (پلانی زمانی پێوانەیی لە نەرویجی نوێدا) بەکارهێناوە[22].

سەبارەت بە چەمك‌و پێناسەی پلانی زمانی، چەمكی پلانی زمانی لە سەرەتادا بە دەستنیشانكردنی زمان دەستی پێكرد، بە واتای هەڵبژاردنی زمانێك لە نێو كۆمەڵە زمانێك لە وڵاتێكی فرەزماندا، وەك وڵاتی هیند و.....تاد[23].

هەروەها فیشمان (Fishman) لە ساڵی (1974)دا سەبارەت بە پلانی زمانی ئاماژە بۆ چارەسەركردنێكی ڕێكوپێك بۆ كێشەكانی زمان لە ئاستی نەتەوەیدا دەكات، لە هەمان كاتیشدا كارام (karam) ڕای وایە، كە پلانی زمانی چالاكییەو هەوڵ بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی زمان دەدات، هەروەك چۆن ئەو كێشانە لە ئاستی نەتەوەییدا هەن، بۆیە جەخت لە سەر كردەی پلان لە ڕوی شێوەی زمان یان بەكارهێنانی یان هەردوكیان دەكاتەوە، هەروەها وینشتین (1980) وای دەبینێت، كە زاراوەی پلانی زمانی زاراوەیەكی حكومیی باڵادەستی درێژخایەنە، بۆیە گۆڕانی زمان یان دەستكاریكردنی ئەركەكانی زمان لە كۆمەڵگادا بە ئامانجی چارەسەركردنی كێشەكانی پەیوەندی‌و تێگەیشتنی نێوان تاكەكاندا پەسندەكات[24].

شایانی باسە چەندین پێناسە بۆ زاراوەی پلانی زمانی كراوە، لەوانەش:

- پلانی زمانی چالاكیی ئامادەكردنی ڕێنوسی پێوانەیی‌و ڕێزمان‌و فەرهەنگی ستاندارده بۆ ڕێنماییكردنی نوسەران‌و ئاخێوەران لە كۆمەڵێكی زمانیی فرەچەشندا[25].
- پلانی زمانی بریتییە لە هەوڵێكی درێژخایەنی بەردەوامی ڕێگەپێدراوی ئاگایەنە كە لە لایەن حكومەتەوە بۆ گۆڕینی ئەركی زمان لە كۆمەڵدا ڕێكخرابێت بە مەبەستی چارەسەركردنی كێشەكانی پەیوەندیكردن[26]).
- پلانی زمانی هەوڵێكی بەرنامە بۆ داڕێژراوی سیستەماتیكی بنیاتنراوە بۆ چارەسەركردنی گرفتەكانی پەیوەندیكردن لە كۆمەڵگایەكدا لە ڕێگەی لێكۆڵینەوە لە هەمەجۆریی زمانەكان یان زارەكاندا، هەروەها پەرەپێدانی سیاسەتێكی زمانی فەرمی بە تایبەتی هەڵبژاردن‌و بەكارهێنانیان، تەنانەت هەندێ جاریش بە ئەندازیاریی زمان یان چارەسەری زمان ناودەبرێت[27].
- پلانی زمانی ئاماژە بۆ هەوڵی بەرنامە بۆ داڕێژراو دەكات، بە مەبەستی كاریگەریی ڕەفتاری ئەوانی تر دەربارەی وەرگرتن‌و دروستە یان دابەشكردنی ئەركی زمان، ئاسایی پلانی زمانی پەرەسەندنی ئامانجەكان‌و مەبەستەكان‌و ستراتیژییەكان دەگرێتەوە بۆ گۆڕینی ئەو ڕێگە زمانییەی كە بەكاردەهێنرێت. پلانی زمانی لە ئاستی حكومەتدا شێوازی سیاسەتی زمانی وەردەگرێت، چەندین نەتەوە دامەزراوەی یاساو دەستوری زمانیان هەیە، كە بە شێوەیەكی تایبەتی بەرپرسن لە دانان‌و جێبەجێكردنی سیاسەتەكانی زماندا[28].
- پلانی زمانی زۆرجار لە لایەن حكومەت یان دەزگایەكی حكومییەوە دادەنرێت، سەبارەت بە: هەڵبژاردنی زمانی فەرمی یان نەتەوەیی، پشتگیریكردن لە زمانی كۆمەڵگاكان‌و كەمە نەتەوایەتییەكان، ڕێگەی بڵاوكردنەوەی بەكارهێنانی زمانێك یان زیاتر، چاكسازیی ڕێنوس، زیادكردنی وشە نوێكان بۆ زمان‌و هەندێ كێشەی تریش. لە ڕێی پلانی زمانییەوە سیاسەتێكی فەرمیی زمان بنیاتدەنرێت‌و جێبەجێدەكرێت، بۆ نمونە لە ئیندۆنیسیا زمانی مالای وەك زمانی نەتەوەیی هەڵبژێردراو ناوی باهاسا ئیندۆنیسیا (زمانی ئیندۆنیسی) لێنرا و بو بە زمانی سەرەكیی پەروەردە[29].

• پلانی زمانی بە واتای لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی نێوان زمانو کۆمەڵ، هەروەها کاریگەریی هەریەکەیان لە سەر ئەوی تریان، زۆرجارش بە واتای چارەسەرکردنی پێگەی زمانی دایك، باڵادەستی زمانی بیانی، فرەزمانی، جوت زمانی،..... دێتو بۆ دانانی سیاسەتێکی زمانی کە بە هێز یان بە کردەوە بە مەبەستی گرنگیدان بە دانانی زمانێکی گونجاو لە جێگەی ئەوانەدا[30].

## 2-2/ گرنگی پلانی زمانی:

پلانی زمانی چەندین گرنگی هەیە، لەوانەش:

1- پلانی زمانی پێویستی سەردەمە، چونکە پێویستی نەتەوەییو نیشتمانییە بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایشی زمانو هەروەها پاڵپشتیو هاوکاریی دامەزراوەکان دەکات، کە پشتی پێدەبەستنو هەڵسەنگاندنی زمان لە سنوری خۆیدا[31].

2- پلانی زمانی گرنگییەکی تایبەتی بۆ هەمو نەتەوەیەك هەیە، کە ڕوبەڕوی کێشەی فێرکردن یان گەشەکردن یان ئەوانەی پەیوەستن بە زمانەوە دەبنەوە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە فرە زمانو فرە نەتەوەن[32].

3- پلانی زمانی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ئەو کێشانە دەدات، کە ڕوبەڕوی زمان دەبێتەوە، چ ئەو کێشانەی کە پڕاوپڕ زمانین، وەك دروستکردنی وشە (vocabulary)و نوێکردنەوەیانو دانانی زاراوەکان(terminology)و یەکخستنیان، یان کێشە نازمانییەکان کە بە زمانو بەکارهێنانییەوە پەیوەستن[33].

4- پلانی زمانی بۆ دەستنیشانکردنو هەڵبژاردنی زمانێك گرنگە، کە ناسنامەی نەتەوەکە دەخاتە ڕو، تەنانەت وێنەو ڕەنگدانەوەی کەلتورو دابونەریتو شارستانیەتە. چونکە زمان دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی بێزاریو شانازیو دڵەڕاوکێو سوکایەتیو توڕەییو تەنانەت توندوتیژیش[34].

5- پلانی زمانی گۆڕانێکی باش لە زمان لەپێناو پەرەسەندنی زمانیو ئابوریو کۆمەڵایەتی بۆ ئاخێوەرانی ئەو زمانە ئەنجامدەداتو تەنانەت ئەو گۆڕانەش لە ئەرکەکانی زمان لە کۆمەڵدا بەدەستدەهێنێت.

## 3-2/ سودی پلانی زمانی:

بێگومان پلانی زمانی چەندین سودی هەیە، لەوانەش:

1- پلانی زمانی دەتوانێت سودێکی زۆر بۆ کۆمەڵگا هەبێت، تا ڕادەیەك هاوچەشنی زمانەوانی بهێنێتە ئاراوە، چونکە دەتوانێت ببێتە هۆی پەیوەندیکردنێکی باشترو خێراترو لە ئەنجامدا ستانداردی ژیان باشتر ببێت[35].

2- پلانی زمانی لەو ڕووەوەی کە ئامرازێکی پەیوەندیکردنی هاوبەش دەهێنێتە ئاراوە، هەروەها دەتوانێت گەورەترین یەکسانی لە بەشداربووان بەدەست بهێنێت[36].

3- هەروەها (مکای) سودێکی تری پلانی زمانی دەخاتە ڕو، کە بریتییە لە فراوانکردنی بەکارهێنانی زمانێکی دیاریکراو، کە دەتوانێت هەستی نەتەوەیی بونیات بنێت، بەم شێوەیەش یەکێتیی سیاسەتی وڵات بەهێزتر دەکات[37].

4- هەروەها سودێکی تری پلانی زمانی هەوڵ بۆ هێنانەدی مەرامەکانی سیاسەتی زمانی دەدات، وەك: فراوانکردنی فێربونو فێرکردنی زمانی نەتەوەیی، هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتیو دیموکراتییەتو ئاسایشی زمانی[38].

## 4-2/ ئەرکی پلانی زمانی[39]:

1- چارەسەرکردنی ئەو کێشە زمانیانەی کە لە دەرئەنجامی پێشێلکردنی ناسنامەی زمانیو نەتەوەیی هەندێك لە وڵاتە داگیرکراوەکان سەریهەڵداوەو، هەندێك لە زمانە جیهانیو بیانییەکان وەك ئینگلیزیو فەرەنسی جێگەی ئەم زمانە نەتەوەییو ناوخۆیانەیان گرتبووەوە، هەر بۆیە پلانی زمانیش بە هەریەك لە زانستی کۆمەڵایەتیو ئابوریی سیاسیو زانستی دەروونناسیو زانستی پەروەردەیی کاریگەربووە.

2- یەکێکی تر لە ئەرکە سەرەکییەکانی پلانی زمانی دانانی سیاسەتێکی زمانییە، کە سیستەمە پەروەردەییەکان بەپێی هەڵبژاردنی جەماوەریو بنەماکانی نەتەوە لە سەری دەڕۆن، بێگومان سەرچاوەکەیشی ئەو یاساو دەستورە فەرمییانەی وڵاتن، کە گرنگی بە جێبەجێکردنو ئامادەکردنی هۆکارە مرۆییو مادییەکان دەدەن، کە لە ئەرکو ئامانجەکانی دەکۆڵنەوە، پێی دەچێ، گۆڕانەکانیش ناوچەیی بێت، کە نەهێشتنی نەخوێندەواریو دانانی زاراوەکانو وەرگێڕانو و بەکارهێنانی هۆیەکانی پەیوەندی بگرێتەوە، بەمەش گۆڕەپانەکەی سیاسییەو ئامانجەکەیشی سەپاندنی زمانە.

## 5-2/ ئامانجی پلانی زمانی:

پلانی زمانی بە چەندین دیاردەو پرۆسەی هەمەجۆر دەست پێدەکات، کە ئەمانەن[40]:

1- **پاڵاڤتەکردنی زمانی (Language purification)**: واتە پاڵاڤتەکردنی سیستەمی زمانی لە ڕەگەزە زمانییە دەرەکییەکان، باشترین نمونەی ئەم پرۆسەیە، ئەزمونی زمانی تورکییە، کاتێ کە مستەفا کەمال ئەتاتورك لە ساڵی (1927) لە چوارچێوەی سیاسەتی بەتورککردندا هەستا بە گۆڕینی سیستەمی نوسین لە زمانی تورکیدا، ئەویش بە گۆڕینی نوسینی زمانی عەرەبی بۆ نوسینی زمانی لاتینی، هەروەها گەنجینەی فەرهەنگی زمانی تورکی لە زمانە دەرەکییەکانی عەرەبیو فارسی پاککردەوە. پرۆسەی ئەم پلانە زمانییەش بە بڕیارێکی سیاسی بو.

2- **چاکسازی زمانی (Language reform)**: لە نمونەکانی ئەم پرۆسەیە، چاکسازییە لە خودی زمان لە نێوان سەدان زار یان زمانی بەکارهێنراو لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، بۆ نمونە: وەك ئەوەی لە تەنزانیا ڕویدا، کە زمانە کەنارییەکان کران بە زمانێکی نەتەوەیی، هەمان دیاردەش لە ڕیفۆرمی زمانی مالیزیدا دەبینرێت، کە جێگرەوەی زمانی داگیرکەرە لە (ئەرخبیل)ی ئەندەنوسیا، ئەو زمانەش لە نێوان (200) زاری بەکارهێنراو لە دورگەکانی ئەندەنوسیادا هەڵبژێردرا.

**3- زیندوکردنەوەی زمانە مردووەکان (Language revival):** باشترین نمونە بۆ ئەم پرۆسەیە، زیندوکردنەوەی زمانی عیبرییە، کە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی شارستانی – زمانەوانیدا زمانێکی لەبیرکراو بو، بە بڕیارێکی سیاسی پشتبەستو بە پلانێکی دامەزراوەیی کە ئەکادیمیای عیبری بەڕێوەی دەبرد، ئامانجی هەڵسەنگاندنی زمانی عیبریو نوێکردنەوەی بو.

**4- دانانی زمانە نەتەوەییەکان لە شوێنی زمانە بیانییەکان لە پرۆسەی فێرکردندا:** ئەوەیان زۆرترین پرۆسەیە، بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە لە ژێر ڕکێفی وڵاتە بیانییەکان ڕزگاریان بووە، لەوانەش ئەزمونی جەزائیر لە بەعەرەبکردندا.

**5- نوێکردنەوەی زاراوەکان (Language modernization):** ئەم پرۆسەیە لە سویسرا لە چوارچێوەی پەرەپێدانی زماندا بە سەرپەرشتی دەزگایەکی ئەکادیمی بە ناوی (سەنتەری زاراوە تەکنیکییەکان) پەسەندکرا، ئامانجی ئەم پرۆسەیەش پێکهێنانی گەنجینەیەکی زمانیو نوێکردنەوەی بە بەردەوامیو بڵاوکردنەوەو گشتاندنێتی لە بەکارهێنانیدا.

**6- بەرگریکردن لە پێگەی هەر زمانێك:** ئەم پرۆسەیە لە چوارچێوەی کێبڕکێی نێوان زمانەکاندا دەبێت، ئەمەش ئەو بارەی ئێستایە، کە زمانە جیهانییە باوەکان بە کردەی هێزی ئابوری تیایدا دەژین، وەك زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو هی تر لە زمانە ئەوروپییەکان، یان بە ژمارەی ئاخێوەرانیان وەك زمانەکانی ئیسپانیو پورتوگالیو چینیو عەرەبی.

\

### 6-2/ هەنگاوەکانی پلانی زمانی:

پێویستە کردەی پلان لە هەمو سێکتەرە جیاجیاکانی ژیاندا جێبەجێ بکرێن. شایانی باسە (ڕۆبن) کردەی پلانی بۆ چوار هەنگاوی تایبەتی کورتکردوەتەوە، کە ئەمانەن[41]:

1- بەدواداچونی ڕاستییەکان: پێویستە زانیاریی فراوان لە سەر بابەتەکە دەستبکەوێت، پێش ئەوەی هەر بڕیارێکی پلانی بدرێت.

2- پلان: ئامانجەکان دەستنیشان بکرێن، هۆیەکانی هەڵبژێردرێنو پێشبینی دەرئەنجامەکانی بکرێت.

3- جێبەجێکردن: جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پلانەکە.

4- کاردانەوە: پلاندانەر مەودای سەرکەوتنی جێبەجێکردنی پلانەکەی بۆ دەردەکەوێت.

### 7-2/ جۆرەکانی پلانی زمانی:

شایانی باسە زۆربەی زمانەوانەکانو بەتایبەتی کۆپەر (cooper) سێ جۆری سەرەکییان لە پلانی زمانی دەستنیشانکردوە، کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەینو بە کورتی باسیان دەکەین[42]:

**1- پلانی پێگـە (Status planning):** گۆڕینی ئـەرکی زمانێـك یـان شـێوەزارێکی زمانێکـەو مـافی قسـەپێکەرانی لەخۆدەگرێت، بۆ نمونە ئاخێوەرانی زمانە کەمایەتییەکان بە تایبـەتی منداڵـەکانیان لـە مـافی خوێنـدن بـە زمـانی خۆیـان بێبەشدەکرێن، بەمەش زمانەکەیان هیچ پێگەیەکی نامێنێت. لە بەرامبەریشدا کاتێك حکومەتێك ڕایدەگەیەنێت، کە هـەردو زمانەکـە نـەك تـەنها یـەك زمانیـان لـە هـەمو ئەرکەکانـدا بـە شـێوەیەکی فـەرمی دانیـان پێـدانراوە، کەچـی زمانـە تـازە دانپێدانراوەکە پێگەی خۆی بەدەستهێناوە. نمونەش بۆ ئەم جۆرەیان وەك وڵاتی نەرویجو بەلجیکاو کەنەداو هندستان.

**2- پلانی بنەڕەتی (Corpus planning):** دەخوازێت زاری زمانێك یان زمانێك پەرەپێبداتو بە ستانداردی بکـات، واتە بە ئامرازەکانی خزمەتکردن لە هەر ئەرکێکی زمانیی ئەستەم لە کۆمەڵگادا پڕ چـەکی دەکـات. لـە ئەنجامـدا لەوانەیـە پلانـی بنـەڕەتی پەرەپێـدانی ڕێنـوس‌و سەرچـاوەی نـوێ بـۆ وشـەو فەرهـەنگو ئـەدەب لـەخۆبگرێت، ئەمانـەش لـە پـاڵ پەرەپێدانی بـەکارهێنانی نوێدان، تـاوەکو بـەکارهێنانی زمانەکـە خـۆی بـۆ بوارەکـانی حکومـەتو پـەروەردەو بازرگـانی شۆڕبکاتەوە، ئەم جۆرە پلانەش بە شـێوەیەکی گـرنگ لـە وڵاتـەکانی ئینـدۆنیزیاو ئیسـرائیلو فنلەنـداو هنـدو پاکسـتانو پاپوانیوگینیادا بەرچاودەکەوێت.

**3- پلانی بەدەستهێنان** (Acquisition planning): کۆپـەر جۆرێکی سەرەکی دیکەی پلانی زمانی دەخاتـە ڕو، کـە ئەویش پلانی بەدەستهێنانی زمانەو دەڵێت: دانانی سیاسەتی زمان ئەو بڕیارانە دەگرێتەوە، کـە سـەبارەت بـە فێرکـردنو بەکارهێنانی زمان دەدرێت، هەروەها داڕشتنەوەیەکی ژیرانە لەلایـەن ئـەو کەسـانەوە کـە بـۆ ئـەم کـارە ڕێگەپێـدراون بـە مەبەستی ڕێنماییکردنی ئەوانی تر.

## بەشی سێیەم/ پلانی زمانیو سیستەمی پەروەردەو فێرکردن:

### 1-3/ زمانی نەتەوەییو ڕۆڵی لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا:

زمان پێکهاتە یان بونەوەرێکی نازیندو نییە، بەڵکو بونـەوەرێکی کاریگـەرو چـالاکە، کـە گەشـەدەکاتو پەرەدەسـێنێت بەپێی ئەو تایبەتمەندییە ناوەڕۆکەی کە پێکی دەهێنێت[43]. تەنانەت دور لە سروشتی زمانو پەیوەندی بە خەڵكو گروپـە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی زمان ژمارەیەك سیفەتی بنـەڕەتی لـە ڕوانگـەی کۆمەڵایـەتی – دەرونییـەوە هەیە، کە لە سێ خاڵدا چڕیدەکەینەوە[44]:

**1-** زمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لای منداڵ.

**2-** زمان گروپی قسەپێکەران لە گروپی قسەپێنەکەران جیادەکاتەوە، بۆ نمونە کە دەڵێین ئەڵمانی، واتە ئەم تاکە سەر بە نەتەوەی ئەڵمانییەو ئاخێوەری زمانی ئەڵمانییە، بـەم واتایـەش زمـان بـە شـێوەیەکی کـارا بـۆ دروسـتکردنی سنورێك لـە ناوەوەو دەرەوەی گروپەکەدا بەکاردەهێنرێت.

3- ئەو پێگەیەی کە کۆمەڵگا داویەتە زمانی گروپێکی نەتەوەیی، بە گشتی پێگەی گروپەکە لەناو کۆمەڵگاوە بۆ تاك دەگوێزێتەوە.

هەروەها ستوارت باسی حەوت ئەرکی جیاوازی کۆمەلآیەتی کردوە، کە دەتوانرێت زمانی پێ جیابکرێتەوە، ئەمانەن[45]:

1- **فەرمی:** بەکارهێنانی یاساییانەی دانپێدانراوی زمانە، بۆ نمونە بەکارهێنانی زمان لە پەروەردەدا.

2- **گروپ:** بەکارهێنانی زمان لەلایەن ئەندامانی گروپێکی نەتەوەیی یان کەلتورییەوە.

3- **ئەدەبی:** بەکارهێنانی زمان بۆ خوێندەواری یان نوسینی قوتابخانە.

4- **تەکنیکی:** بەکارهێنانی زمان بۆ پەروەردەی زانستیو تەکنیکی.

5- **پەروەردەیی:** بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستی پەروەردەیی.

6- **ئاینی:** بەکارهێنانی زمان پەیوەست بە سروتە ئاینییەکانەوە.

7- **پەیوەندیکردنی فراوان:** بەکارهێنانی زمان بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان سنوری زمانەکاندا.

زمانی دایك ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لەناو کۆمەڵگادا دەبینێت، چونکە یەکەم زمانە، کە مرۆڤ بە هەرزەکاری لەناو خێزانەکەیدا فێری دەبێت، هەر بۆیە زمانەوان (ویلیام ماکی) بە بنەمای زمان (Language principal) ناوی دەباتو دەڵێت: ئەو زمانەیە کە مرۆڤ بۆ یەکەم جار پێی دەدوێت، هەروەها ئەو زمانەشە، کە کۆمەڵو دەوڵەت لە سەرجەم کارەکانیاندا بە گوتراو و نوسراوەوە مامەڵەی پێوەدەکات[46]. بۆیە لێکۆڵەرانی زمان لە هەمو بابەتێکی دیکە زیاتر بایەخیان بە فێربونی زمانی منداڵ داوە، ئەویش لەبەر ئاڵۆزی زمان لە لایەکەوەو ئاسانیو خێرایی فێربونی منداڵ لە لایەکی دیکەوە[47]. بەم پێیە زمانی نەتەوەیی لە وڵاتێکدا، کە خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆ بێت، زمانی فێرکردنە لە هەمو قۆناغەکانی سیستەمی پەروەردە بە تایبەتی باخچەی ساوایانو سەرەتاییو تا دەگاتە هەندێ کۆلێج، تەنانەت لە پەرلەمانو دادگاو سەرجەم دامودەزگا کارگێڕییەکاندا زمانێکی فەرمییە، هەر بۆیە زمانی پەروەردەو فێرکردن زمانی بونیاتنانەوەی نەتەوەیە.

بێگومان ئەو گەنجینە زمانییەی کە منداڵ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیدا تۆماری دەکات، بناغەیەکی گرنگ بۆ هەمو ئەوانە دەنوێنێت، کە پەیوەندی بە زمانو سیستەمەکەیو بەکارهێنانی لە قۆناغەکانی دواتردا هەیە. بۆیە دەتوانرێت زمانی نەتەوەیی بە شێوەیەکی فەرمی بناسرێتو هەروەها لە بوارە گشتییەکاندا بەکاربهێنرێت، بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا[48]. لەبەر ئەوەشە هەمو کۆمەڵگایەك خەمخۆری پەروەردەکردنی تاکەکانێتیو هەوڵی ئەوە دەدات، بە باشترین شێوە پەروەردەیان بکاتو مافی ئەوە بە تاکەکانی دەدات، بۆ ئەوەی بە چاکترین شێوە فێری زمانەکەیان ببن[49].

پێویستە پلانی زمانی لەسەر بنەمای زانیاریی باش بونیات بنردرێت، چونكە هەندێ جار جۆری ئەو زانیارییانەی كە لە بڕیارەكانی پلاندانانـدا بـەكاردەهێنرێن، زۆر پشتبەسـتراو و جێبـەجێكراو نـین. وەك لـە (بەشـی پێنجـەم ـ مـاددەی نۆزدەیەم)ی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییـەكان لـە هـەرێمی كوردسـتاندا هـاتوە: زمـانی كـوردی لـە پرۆسـەی پـەروەردەو فێركردندا زمـانی فەرمییـە لـە هـەرێمی كوردسـتاندا[50]. بـەلاّم زۆر بـە داخـەوە بڕیـارێكی ڕاسـتو دروسـتو گشـتگیر بـۆ گشتاندنی بەكارهێنانی زمانی نەتەوەیی لە ناوەندەكانی خوێندندا بەو شێوەیە نییە، بەو واتایەی كە لە دەسـتوری وڵاتـدا كۆمەڵێك ماددەو یاسا دەردەچن، وەك لە سەرەوە ئاماژەمـان پێدا، كەچـی جێبـەجێكردنی ئـەم ماددەیـە لـە دەسـتوری دەوڵەتو سیستەمی پەروەردەو فێركردن دەرچووەو هـەنگاوی بـەرەو ئاراسـتەی جێبـەجێ نـەكردنو بێبایـەخبون نـاوە. تەنانەت بەپێی یونسكۆ/UNESCO لە (1953)دا پێویستە خوێندنی سەرەتایی منداڵ بە زمـانی دایك دەسـت پێبكـات، واتە بەكارهێنانی زمانی دایك لە قۆناغەكانی پەروەردەدا تا بكرێت درێژبكرێتەوە، بە تایبەتی پێویستە فێرخوازانی ئاستی سەرەتایی قوتابخانـە بـە زمـانی دایك بخـوێننو دەسـت پێبكـەن، چـونكە بـە باشـترین شـێوە لێـی تێدەگـەنو هـەروەها دەسـتپێكردنەوەی ژیـانی خوێنـدنی قوتابخانـە بـە زمـانی دایـك، دابڕانـی نێـوان مـاڵو قوتابخانـە تـا نـزمترین ئاسـت كەمدەكاتەوە[51].

بۆ نمونە ئەمرۆ زمانی ئوردو زمانی فەرمییە لـە پاكسـتاندا، لـە هـەمان كاتـدا لـە مـاددەی (23)ی دەسـتوری بەنگلادشـدا هاتوە، كە زمانی بەنگالی زمانی فەرمیو نەتەوەییەو ئەكادیمیای بەنگالی دروستكردوە.

**2-3/ پلانی زمانیو پلانی پەروەردەیی:**

پەروەردە بوارێكی زۆر گرنگە، هەندێ جار پەیوەندی بە هـەمو بڕیـارێكی جێبـەجێكردنی پلانـی زمانـەوە هەیـە، بۆیـە پەروەردە لە زۆربەی وڵاتەكاندا بودجەیـەكی زەبـەلاحی بـۆ دابینـدەكرێتو لـە لایـەن دەوڵەتـەوە چـاودێری دەكرێـت، بـە تایبەتی قوتابخانەكان یەكێكن لە گرنگترین دەزگاكانی بنیاتی كۆمەڵایەتی، تەنانەت پرۆگرامی خوێندن دەرفەتێكی نایـاب بە دەوڵەت دەبەخشێت بۆ دروستكردنی هەڵوێستو هەڵسوكەوتی نـەوەی داهـاتو، ئەمـەش لـە ئەنجامـدا زۆرجـار دەبێتـە بەردی بناغەی پرۆسەی گۆڕانی نەتەوەیی[52]. هەروەها چەمكی پلانی پەروەردەیی كۆمەڵێك یاساو ڕێساو پرۆسـەیە، كـە دەوڵـەت بـە شـێوەیەكی گشـتی بـۆ ڕێكخسـتنو ڕاییكردنـی كاروبـاری پـەروەردەو فێركـردن لـە هـەمو لایـەنو سیسـتەمە پەروەردەییەكاندا پشتی پێدەبەستێت[53]. بۆیە یەكێك لە بوارە سـەرەكییەكانی گفتوگۆكردنی تیۆرەكـانی پلانـی زمـانی بریتییە لە بواری پەروەردە، تەنانەت زۆربەی كاتیش پلانی زمانی وەك بوارێكی ئەكادیمیی فێركردن خۆی دەنوێنێت، كـە تیایدا سیاسەتی زمان جێبەجێ دەكات[54]. بەم پێیەش پلانی سیستەمی پەروەردەیی بەشێكە لە پلانی زمانیو ڕێگایەكە بۆ بەكارهێنانی سەرچاوە دەگمەنە دەستكەوتووەكان لە كۆمەڵگادا بـە مەبەسـتی هێنانـەدی ئەوپـەڕی خواسـت لـە سـەر فێركردن لەسەر ئاستی تاك یان كۆمـەڵ، هـەروەها پێویسـتە پلانـی زمـانی لـە بـواری فێركـردن لـە قۆناغـە جیاوازەكانـدا

گشتگیرو هەمەكی بێت نەك هەندەكی، ئامانج لەمەش بە گشتی پاراستنی سەلامەتی زمانو بلاْوكردنەوەی زمانێكی پاراوە لە سەر زمانی ئاخێوەران، بەو پێیە زمانی نەتەوەییو شارستانییە[55]. تەنانەت پلانی پەروەردەیی یاسای داهاتو بۆ باری زمانی لە كاتێكی تردا دادەنێت، هەروەهاش چارەسەری كێشە زمانییەكانو پەروەردەییەكان پێشكەشدەكات، بۆ ئەوەی لەگەلْ ڕاستی تواناو ئامانجەكانی كۆمەلْگادا بگونجێت[56].

گریْ سەرەكییەكانی سیستەمی پەروەردەیی ئەمانەن: خێزان، كۆمەلْگا، مامۆستاو فێرخوازی خوێندنگاو هۆیەكانی ڕاگەیاندن بە هەمو جۆرەكانییەوە، دەرهاویشتەی هاوبەشی هەمو ئەم گرێیانەش زمانە[57].

توێژینەوە زانستییەكان ئەوە دەخەنە ڕو. كە سەردەمی ساوایەتی (الگفوله المبكره) بە چاكترین قۆناغ لە ژیانی منداڵ دادەنرێت بۆ فێربونو وەرگرتنی زەخیرەی زمانەوانی[58]. هەروەها پێویستە گرنگییەكی زۆر بە قۆناغی یەكەمی فێركردنی سەرەتایی بە تایبەتی لە ساڵی یەكەمەوە تا ساڵی پێنجەم بدرێت، چونكە یەكەمین بناغەیە، كە فێرخواز درككردنو دەستكەوتو زانیارییە زمانییەكانی لە سەر بونیاتدەنات[59]. بۆیە كە منداڵ بەشداری لە چالاكییەكانی ناو پۆلدا دەكات، بە شێوەیەكی سروشتی دەتوانیْ ڕێگا جیاوازەكانی بەكارهێنانی زمان بە فێربونەوە ببەستێتەوە[60]. تەنانەت توێژینەوە پەروەردەییەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن، كە باشترین زمان بۆ فێركردن ئەو زمانەیە كە هەر كاتێك فێرخواز پێویستی پێبو، بیری پێدەكاتەوە، نەك بە زمانێك بیربكاتەوەو بە زمانێكی تر گوزارشتی لێبكات، گرنگییەكی تریشی ئەوەیە، كە بە ئاسانی پەیوەندیكردنی نێوان مامۆستاو فێرخوازەكە ئەنجامدەدات، هەروەها فەراهەمكردنی كەشێكی گفتوگۆكردنێكی زانستییە، دور لەو خەوشو چەلْەمەیەی كە لە وەرگێڕاندا دروستدەبێت[61]. هەروەها دەزگا حكومیو دامەزراوە پەروەردەییەكانی زۆرێك لە وڵاتان پلانی ئەوە دادەنێن، كە قسەپێكەرانی زمانە جیاوازەكان لە وڵاتەكەیاندا زمانێكی فەرمی بەكاربهێنن، شایانی باسە یولْ (Yule) ئەم پرۆسانەی خوارەوە دەستنیشان دەكات[63]:

**1-** هەلْبژاردن: لەم پرۆسەیەدا زمانێكی فەرمی هەلْدەبژێردرێت.

**2-** ڕێكخستن: ئەم پرۆسەیە دەستنیشانكردن دەگرێتەوەو تیایدا ڕێزمانی سەرەكیو فەرهەنگو شێوازی نوسین بۆ بنیاتنانی زمانێكی ستاندارد بەكاردەهێنرێت.

**3-** فراوانكردن: زمانە ستانداردەكە پەرەی پێدەدرێت، تا لە هەمو بوارەكانی ژیانی كۆمەلاْیەتیو تەنانەت بۆ دەركەوتنی نوسینی كاری ئەدەبی بەو زمانە ستاندەرە بەكاربهێنرێت.

**4-** جێبەجێكردن: لەم پرۆسەیەدا حكومەت هەوڵی هاندانی بەكارهێنانی زمانە ستاندەرەكە دەدات.

**5-** پەسەندكردن: ژمارەیەكی بەرچاوی دانیشتوان زمانە ستاندەرەكە بەكاردەهێننو وەك زمانێكی نەتەوەیی لێی دەڕوانن، ئەمەش نەك تەنها ڕۆلْ لە ناسنامەی كۆمەلاْیەتی دەبینێت، بەلْكو لە ناسنامەی نەتەوەییشدا ڕۆلْ دەبینێت.

چەند ڕێگایەك هەن بە مەبەستی بونیاتنانی پلانێكی تۆكمە بۆ فێركردن، كە ئەمانەن[62]:

1- وەرگێران.

2- چاودێری زمانی منداڵ.

3- پەرەسەندنی وتنەوەی زمان.

4- دانانی زاراوەو یەكخستنیان.

5- فێركردنی زمان بۆ هۆكاری تایبەت.

6- لێكۆڵینەوە لە دەستنوسە زانستییە كلتورییەكان.

7- وتنەوەی زانستی زاراوەسازی.

8- سەرمایەگوزاری كۆمپیوتەر لە فێركردندا.

9- هۆییەكانی ڕاگەیاندن.

پلانی پەروەردەیی ڕۆڵێكی گرنگ لە دیاریكردنی سیستەمی پەروەردەیی دەبینێت، كە دەتوانین لە ڕێگەی ئەم خاڵانەوە بیانخەینە ڕو[64]:

1- ڕۆڵێكی پۆزەتیڤی لە ناسینەوە توانا جەستەیی‌و مەعنەوی‌و مرۆییەكانی كۆمەڵگادا دەبینێت‌و دەستنیشانكردنی واقیع بە هەمو بوارە جیاجیاكانییەوە: ئابوری، كۆمەڵایەتی، كەلتوری،..... .

2- دەستنیشانكردنی ئامانجە پەروەردەیی‌و فێركارییەكان‌و ڕێكخستنیان بەپێی ئەو گرنگییەی، كە لە پێداویستییەكانی كۆمەڵگادا وێنادەكرێت.

3- گۆڕینی ئامانجەكان بۆ پلان‌و پرۆژەو پرۆگرامی پەروەردەیی‌و فێركاری لە كاتێكی دیاریكراودا.

4- هەڵبژاردنی نێوان ئەو ئەڵتەناتیڤە بەردەستانەی كە لە پرۆگرامەكان‌و هۆكارەكان‌و ڕێوشوێنەكاندا هەن، بە مەبەستی فەراهەمكردنی پێداویستییەكانی گەشەی كۆمەڵگا.

5- ئاراستەكردنی سیستەمی پەروەردەیی بۆ هاوشانی پەرەسەندنەكان‌و ئاراستە پەروەردە هاوچەرخەكان، هەروەها پەنجەش بخرێتە سەر ئەو كەموكورتیانەی كە لە ڕابردودا هەبونە.

6- فەراهەمكردنی دیدگایەكی گشتگیر بۆ پێداویستییە جیاوازەكانی گەشەكردن، ئەوەیش بە هەماهەنگی پلاندانەران لەگەڵ لایەنەكانی تر لە بواری فێركردندا بە ئەنجامی بگەیەنن.

7- كەمكردنەوەی كۆشش‌و كات‌و خەرجییەكان.

8- پلانی پەروەردەیی لە ڕوی گشت‌و بەشەوە هۆكارێكی سەرەكییە بۆ گەشەكردنی سیستەمی پەروەردەیی، چونكە بەبێ پلان ناتوانرێت دوارۆژی سیستەمی پەروەردەیی دەستنیشان بكرێت.

بۆ نمونە پلانی زمانی لە وڵاتی ئیسپانیا لە سەر سێ بنەما بەندە: (فێركردنی زمانی ئیسپانی، بڵاوكردنەوەی كەلتور، توندوتۆڵكردنی ئابوری) ئەمەش بە مەبەستی ڕوبەڕوبونەوەی (جیهانگیریی زمانی).

### 3-3/ پەروەردەی تاك زمان (monolingual education)و پەروەردەی جوت زمان (Bilingual education):

مەبەست لە پەروەردەی تاك زمان بەكارهێنانی زمانێكی نەتەوەیی‌و فەرمییە لە پرۆسەی پەروەردەو فێركردندا لە سەرجەم قۆناغەكانی خوێندندا. بە تایبەتی قۆناغی سەرەتایی یەكەم لە قۆناغەكانی خوێندنی منداڵدا بە كۆڵەكەیەكی سەرەكی لە بنیاتی زمانی دادەنرێت، بەو چەشنەی بە فێربونی زمانەكەی بە نوسین‌و خوێندن‌و ئاخاوتن بەپێی پرۆگرامێكی نیشتمانی دەست پێبكات، كە مامۆستایانی پسپۆڕو شارەزای بواری پەروەردەو زانیاری پێشكەشی دەكەن، بەڵام ئەوەی لەم قۆناغەدا گرنگە، ئەوەیە كە منداڵ سەرەتا بە ناسینی لایەن‌و ئاستە جیاوازەكانی سیستەمی زمانەكەی دەست پێبكات، كە لەگەڵ ئاستی پێشكەوتنی خوێندن لە لایەكو لە لایەكی ترەوە شێوازە زمانییەكان كە لێرەدا دەیانناسێتەوەو بەرفراوانتربووە، شیاوبێت، بۆ ئەوەی ببێتە تێكستێكی تەواو لە كەلتورو ڕۆشنبیری‌و شاكارە ئەدەبییەكانی نەتەوەكەیدا، بەو شێوەیەی كە پسپۆرانی پلانی پەروەردەیی پێیان باشەو لە پرۆگرامە زمانییەكاندا دایانناوە[65]. هەروەها پەروەردەی تاك زمان فێربونی كارامەیی زمان: گوێگرتن، قسەكردن، خوێندنەوەو نوسین دەگرێتەوە[66].

بەڵام پەروەردەی جوت زمانی بەكارهێنانی دو زمانە لە فێركردن لە هەندێ قۆناغی ژیانی فێرخوازدا، هەروەها ئاماژەش بۆ بەكارهێنانی پرۆگرامەكانی پەروەردەیی دەكات بۆ مەبەستی پەرەپێدانی كارامەیی جوت زمانی لە نێو فێرخوازەكاندا[67]. واتە پەروەردەی جوت زمان بەكارهێنانی دو زمان لە فێركردندا دەگرێتەوە، بۆیە جۆرێك لە پەروەردەی جوت زمان ئەوەیە، كە فێرخواز لە قوتابخانە بە زمانی دایك دەدوێت‌و زمانی دووەم بۆ زیاددەكرێت، هەمو تاكێكیش بە ڕونی دەزانێ، كە جوت زمانە چییە، جۆرێكی تری پەروەردەی جوت زمانی ئەوەیە كە فێرخواز بە هەردو زمانەكە فێردەكرێت، بەمەش فێركردن بە زمانی دایك دەوەستێت‌و زمانی دووەم دەبێتە تاكە ناوەندی فێركردنی‌و لە كۆتایشدا تەنها زمانێكە بۆ فێرخوازەكە[68].

ئاشكرایە، كە پەروەردەی جوت زمانی لەگەڵ ڕاستییە زیادكراوەكاندا دیاردەیەكی ئاڵۆزە، چونكە لە پشت ئەو پێناسە بنەڕەتییەی كە بۆ پەروەردەی جوت زمان كراوە، وەك بەكارهێنانی دو زمان لە فێركردندا، زاراوەی (پەروەردەی جوت زمان) درێژكراوەتەوە بۆ لەخۆگرتنی ئەو پرۆگرامە پەروەردەییانەی كە پێشكەش بە فێرخوازێك دەكرێت، كە لە بنەڕەتدا خۆیان قسەكەری زمانێكی كەمن، تەنانەت ئەگەر فێركردنیش تاك زمان بێت، بە واتایەكی تر بەلای زۆربەی خەڵكەوە، پەروەردەی جوت زمان هەریەك لە بەكارهێنانی دو زمان لە فێركردن‌و هەروەها فێركردنی زمانی دووەم بۆ ئاخێوەرانی

زمانێکی تر لەخۆدەگرێت، تەنانەت ئەگەر فێرکردنیش لە زمانی دووەمدا ڕووبدات[69]. هەروەها پەروەردەی جوت زمانی ڕەگی لەناو ئایدۆلۆجیایەکی سیاسیدا داکوتاوە، کە تاکڕەویی لە جیهانبینی کەلتوری ڕەتدەکاتەوەو لەپێناو گەیشتن بە جیاوازی کەلتوریو زمانیدا کاردەکات[70].

پەروەردەی جوت زمان لەسەر سێ بنەمای بنەڕەتی بەندە[71]:

1- ڕۆڵی بنچینەیی زمانو جوت زمان لە کۆمەڵگاو پەروەردەدا.

2- ڕۆڵی جوت زمان لە بەگەڕخستنی ناسنامەو ئایدۆلۆجیاو پرسەکانی یەکسانی لە هێزدا.

3- ئەو ڕێگایانەی کە دەتوانرێت جوت زمان لە فێرکردندا بەکاربهێنرێت.

هەروەها پەیوەندی نێوان فێرکردنی زمانی دایكو زمانی دووەم لە پرۆگرامی پەروەردەییدا لە سەر ئەم دو بنەمایەی لای خوارەوە بونیات نراون[72]:

1- چۆن دەکرێت، ڕێبازی فێرکردنی زمانی نەتەوەییو زمانی دووەم وا لێبکرێت، کە تەواوکەری یەکتر بنو لە چوارچێوەی قوتابخانەدا هیچ ناکۆکییەکیان نەبێت؟ لە کاتێکدا هەمان مامۆستاش هەردو زمانەکە بە هەمان فێرخوازو لە هەمان پۆلو بە هەمان ئامانجی پەروەردەیی دەڵێتەوە.

2- چۆن دەکرێت، گواستنەوە لە زمانێکەوە بۆ ئاسانکردنی فێربونی زمانێکی تر تا ئەوپەڕی توانا بەکاربهێنرێت، لە هەمان کاتدا چۆن ئەو تێکەڵکردنانە لە ئاستەکانی دەربڕینو ڕێزمانو فەرهەنگیدا ڕاست بکرێنەوە؟

تەنانەت یونسکۆ جەخت لە سەر پەروەردەی جوت زمانی (یان پەروەردەی فرەزمانی کە لە سەر زمانی دایك بنیاتنراوە) دەکاتەوە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە لە گەشەکردندان، وەك[73]:

1- ئامرازێکە بۆ باشترکردنی کوالیتی پەروەردەیی بە پشتبەستن بە زانیاریو ئەزمونی مامۆستایانو فێرخوازان.

2- ئامرازێکە بۆ پەرەسەندنی یەکسانی کۆمەڵایەتیو ڕەگەزی، هەروەها ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە ڕوی زمانەوانییەوە جیاوازییان هەیە.

3- پێکهێنەرێکی سەرەکیی پەروەردەی نێوکەلتورییە لەپێناو هاندانی تێگەیشتن لەنێوان گروپە جیاوازەکانی دانیشتوانداو دڵنیابون لە ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکاندا.

پەروەردەی جوت زمانی لە پەروەردەی زمانی لاسایی/تەقلیدی جیاوازە، کە تیایدا زمانی بیانی یان زمانی دووەم بە فێرخواز دەوترێتەوە، واتە لە پەروەردەی جوت زمانیدا هەردو زمانەکە وەك ناوەندی فێرکردن بەکاردەهێنرێن[74]. باشترین نمونەی پەروەردەی جوت زمانی لە وڵاتە کلاسیکییەکاندا بەرچاودەکەوێت، کە دو زمانی نەتەوەیی یان زیاتریان

هەیە، وەك كەنەداو بەلجیكاو سویسرا، كە لە یاساكە بەدەركراون، لەم ولآتانەدا مندالّ بە لایەنی كەم بە یەكێك لە زمانی نەتەوەكانی تر لە قوتابخانەدا فێردەكرێت، ئەمەش وەك فێركردنی زمانی بیانی لە خالّێكی دیاریكراو لە پرۆگرامی قوتابخانەدا ڕێكدەخرێت، هەروەها زمانی نەتەوەكەی تریش وەك بابەتێكی نوێ لە پرۆگرامەكەدا پێشكەشدەكرێت[75].

## 4-3/ فێركردنی زمانی بیانیو كاریگەریی لە سەر سیستەمی پەروەردەو فێركردن:

كاریگەریی گەورەی زانستەكانی زمان لە سەر فێركردنی زمانە بیانییەكان لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیو بە تایبەتی لە ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە دەستی پێكرد، لەم ماوەیەشدا ئاراستە دەستنیشانكراوەكان لە لێكۆلّینەوە زمانەوانییەكان لە هەمو ئەوروپاو ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا دەركەوتن[76].

یەكێك لە سیاسەتی ولآتە داگیركەرەكان ئەوەیە، كە گەلانی ژێر دەسەلآتیان لە خوێندنو فێركردن بە زمانی نەتەوەییان قەدەغەبكەن بە مەبەستی سڕینەوەی كلتورو فەرهەنگو شوناسی نەتەوەییان، لە بەرامبەریشدا هەولّیان دەدا، كە زمانەكەیان بە سەر ئەو نەتەوانەدا بسەپێننو بە وشەی فەرهەنگی خۆیان گۆشیان بكەن. باشترین نمونەش بۆ ئەمە حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی عێراقە، كە چەندین پلانی جیاواز هەولّی جینۆسایدكردنی نەتەوەی كوردو سڕینەوەی زمانەكەیانی دەدا، لە هەمان كاتیشدا بەزۆر زمانی عەرەبیان وەك زمانێكی فەرمی لە دامودەزگا فەرمییەكانو ناوەندەكانی خوێندنو سیستەمی پەروەردەدا بە سەر تاكەكانی سەرجەم پێكهاتەكانی عێراق بە گشتیو كوردیش بە تایبەتی دەسەپاند، تەنانەت بە گۆڕینی زمانەوە نەوەستان، بەلّكو هەولّی ئەوەیشیان دا، كە زمانی نەتەوەیی كوردی لەناوببەنو بیسڕنەوە. ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی، كە زمانی كوردی ببێتە نمونەیەكی تر لە پالّ چەندین زمانی تری وەك زمانی ئارامی بەهۆی دەسەلآتی زمانی عەرەبی لە عێراقو شام، زمانی قیبتی لە میسر، زمانی بەربەری لە مەغریبو زمانی فارسی كۆن لە ئێران، كە تیاچون[77]. ئەم سیاسەتە بەخورتییە (سیاسەتی سەپاندن) بو، بەلآم ئەم سیاسەتە لە سەرەتای سەدەی بیستو یەكەمەوە بووە (سیاسەتی جیهانگیریو پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا)و تەنانەت بە (جیهانگیریی زمانی) ناودەبرێت، لەم جۆرە سیاسەتەدا هەولّدراو بەردەوامیش هەولّدەدەرێت، ئەم جیهانگیریو پێشكەوتنی تەكنەلۆجیاو ئینتەرنێتەو ......تاد لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە بالّ بە سەر جیهاندا بكێشێت ئەمە لە لایەك، لە لایەكی تریشەوە بە گرنگ ناساندنی زمانی ئینگلیزی لە سیستەمی پەروەردەو فێركردندا، هەر بۆیە جیهانگیریی زمانی ئینگلیزی بالّی بە سەر ژمارەیەكی زۆری ئاخێوەرانی سەر ڕوی زەویدا كێشاوەو بەردەوامیش لە هەلّكشاندایە. تەنانەت كە فەلسەفەی نوێ لە گۆرەپانی هزری هاوچەرخدا هاتەكایەوە، بانگەشەی بۆ (جیهانگیریی زمانی) دەكرد، كە چەمكەكانی كەلتورو پەروەردەو ڕاگەیاندن لە پێش هەر بوارێكی تری مرۆییدا دەگرێتەوەو مرۆڤی هاوچەرخیش لە ژیانی ڕۆژانەیدا كاری لە سەر دەكات[78]. بۆیە پشتگیریی مادیو مەعنەوی هەریەك لە ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو بەریتانیا بۆ فێركردنی زمانی ئینگلیزی لە هەمو جیهاندا بە مەبەستی پالّپشتی جیهانگیریی زمانییە بۆ سیاسەتو پلانی زمانی[79].

هەروەها ململانێو هەڕەشەی زمانەكان لە پاش شەڕی ساردەوە پێی نایە قۆناغێكی ترەوە، بە تایبەتی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی پلانو سیاسەتێكی نوێیان گرتە بەر، ئەویش لە ڕێگەی بەكارهێنانی هێزی ژیریو پێشكەوتنی تەكنەلۆجیاوە توانیان باڵ بە سەر جیهاندا بگرنو خۆیان بسەپێنن. نەك لە ڕێگەی هێزی سەربازیو داگیركارییەوە، بەشێك لەم پلانەش بەكارهێنانو بلاوكردنەوەی زمانی ئینگلیزی بو لە هەمو سێكتەرە جیاوازەكاندا، لە سەروی هەمویانەوە كەناڵەكانی گەیاندنو ڕاگەیاندن لە لایەكو لە لایەكی ترەوە گرنگیو پێگەی زمانی ئینگلیزی لە بواری زانستو سیستەمی پەروەردەو فێركردندا بو.دەتوانین بە كورتی گرنگترین كاریگەرییەكانی زمانی بیانی لە سەر فێركردنی سیستەمی پەروەردەو فێركردن لەم خاڵانەدا بخەینە ڕو:

1- یەكێك لە سیاسەتی وڵاتە داگیركەرەكان سەپاندنی زمانەكەیان بو بە سەر نەتەوە داگیركراوەكانی ژێر دەسەڵاتیان، ئەمەش سیاسەتو پلانێكی زمانی ڕون دەنوێنێت، كە ئامانج لەوەش بلاوكردنەوەی زمانو ڕۆشنبیریی زمانەكەیان بو، لە هەمان كاتیشدا نەتەوە داگیركراوەكان هەڵگری پاشكۆی زمانیو ڕۆشنبیریو پەروەردەییو ئابوریی ئەوان بن.

2- لە ڕوی دەرونییەوە فێركردنی زمانی بیانی بە پلەی یەكەم لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی سەرەتاییو دواتر كاریگەریی لە سەر كەسایەتی ئەو منداڵە دەكات، شایانی باسە زۆربەی توێژینەوە دەرونییەكان جەخت لەوە دەكەنەوە، كە كەسایەتی مرۆڤ لە پێنج ساڵی یەكەمی ژیانیەوە دروستدەبێت. بۆیە قۆناغی باخچەی ساوایان ئاستی تەمەنێكی گونجاو نییە، بۆ ئەوەی منداڵ زمانی بیانی وەربگرێت، بە هەمان شێوەش بۆ قۆناغی سەرەتایی، ئەمەش لای ڕۆژئاواییەكان دەبینرێت(80).

### 5-3/ گیروگرفتەكانی فێركردنی زمانی بیانی لە پرۆسەی پەروەردەدا:

ئەم گیروگرفتانە بەشێكن لەو ڕكابەرایەتییە گەورانەی كە ڕوبەڕوی زمانی كوردی دەبێتەوە، وەك:

1- فێركردنی زمانی بیانی دەبێتە هۆی ونكردنی شوناسی نەتەوەییو كەسایەتی تاكەكان. چونكە زمانی هەر نەتەوەیەك پێكهێنەرێكی سەرەكی لە پێكهێنەرەكانی شوناسی نەتەوەیی پێكدەهێنێتو بەشێكە كە لە ڕەهەندی كەلتوریو مێژوییو شارستانی جیانابێتەوە(81).

2- زمانی بیانی دەبێتە كۆسپێكی گەورە لە بەردەم بەدەستهێنانی زانیاری لە كۆمەڵگای كوردیداو بە تایبەت لە بەردەم زۆرێك لە فێرخوازەكانو لایەنی فێركردنو پەرەپێدانی مرۆڤ، كە بە دەست لاوازییەكی بەردەوامی تێگەیشتنی زمانی بیانی لە توێژینەوەو گفتوگۆو بەرهەمی زانیاری دەناڵێنن.

3- فێركردنی زمانی بیانی لە قۆناغە سەرەتاییەكانی فێركردندا زیان بە وەرگرتنی زمانی كوردی بە شێوەیەكی سروشتی دەگەیەنێتو دەبێتە هۆی لەیەكترترازاندنی كەلتوریو كۆمەڵایەتی، واتە شێوازی هەڵسوكەوتو دابونەریتی كۆمەڵایەتی دەگۆڕێت.

4- زۆربەی منداڵەكان ڕوبەڕوی ئاستەنگێكی زۆر لە تێگەیشتنی نێوان چەند سیستەمێكی زمانی جیاوازدا دەبنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە مەترسی لە سەر كەسایەتی ئەو تاكە دروستدەبێت، كە چەند زمانێكی جیاواز بەكاربهێنێت،

لە كاتێكدا ئەگەر بێتو منداڵێكی بچوك بێتو ڕوبەڕوی چەند سیستەمێكی زمانی جیاواز ببێتەوە، نەك تەنها لە ڕوی بونیاتەوە، بەڵكو لە ڕوی قورسایی كەلتوریو مێژوییەوە[82].

**5-** فێركردنی زمانی بیانی لە قوتابخانەی سەرەتایی زیان بە بەرژەوەندیی منداڵ دەگەیەنێتو ڕێگە لە گەشەی بیری دەگرێت، بە پشتبەستن بەم بەڵگانەی خوارەوە[83]:

**1-** گەورەكان لە فێربونی زمانی بیانی لە منداڵ بەتواناترن، چونكە گەشەی زیرەكی منداڵ لە تەمەنی (15)ساڵی دەگاتە لوتكەو ئاستی زیرەكی تاوەكو تەمەنی (40) ساڵی بە جێگیری دەمێنێتەوە.

**2-** فێربونی زمانی دووەم كردەیەكی زۆر ئاڵۆزە، كە سەرجەم تواناكانی تاك وەك ژیریو دەرونیو ماسولكەییو سۆزداری بەشداری تێدادەكەن.

**3-** قۆناغی داینگەو باخچەی ساوایان (سێ ساڵی یان كەمتر لە شەش ساڵی) لە زانستی دەرونناسیدا بە قۆناغی تۆبەرەی منداڵ هەژماردەكرێت، كە تیایدا منداڵەكان زۆر پێویستیان بە بەكارهێنانی زمانی دایكی خۆیان هەیە، كە پێی بدوێنو بنوسنو بخوێننو توانای ئەوەیان هەبێت، كە گوزارشت لە زمانێكی دروست بكەن، هەمو ئەمانەش پەیوەندییان بە ڕاهێنانی ماسولكەكانی زمانو دەنگە ژێكانەوە لە سەرەتایی گەشەكردنیدا هەیە.

**4-** كاتێك زمانی دایك بە پرۆگرامو ئەو ڕۆڵانەی كە قسەی پێدەكەن، بەهێز دەبێتو، مەترسی هیچ زمانێكی تری لە سەر نابێت، باشترین بەڵگەش لە وڵاتە پێشكەوتووەكان بەرچاودەكەوێت، كە تەنیا زمانی نەتەوەیی خۆیان فێری منداڵ لە قۆناغی سەرەتاییدا دەكەن.

**5-** زمانە بیانییەكان بە هەمان یەكەو ڕەگەزە زمانییەكانەوە كارناكەن، كە زمانی دایك لە ڕوی دەنگسازیو ڕستەسازیو واتاسازییەوە هەیەتی، ئەم جیاوازیانەش كاریگەرییەكی نێگەتیڤ لە سەر زمانی دایك دروستدەكەن.

**6-** بەكارهێنانی زمانی بیانی لە قۆناغە بنەڕەتییەكاندا، ئەو بۆچونەی لە مێشكی زۆرێك لە باوكەكان چەسپاندوە لەبارەی گرنگی زمانی بیانیو فێربونی بۆ دواڕۆژێكی پرشنگدار. هەر بۆیە ئەمە بووە پاڵنەرێك بۆ هەندێك لە باوكەكان، كە نەوەكانیان بخەنە بەر خوێندنی زمانی بیانی هەر لە سەرەتای باخچەی ساوایانو خوێندنگا تایبەتییەكانەوە، بێگوێدانە ئەوەی كە نەوەكانیان دوچاری مەترسی كەلتوریو زمانیو دەرونی دەبنەوە.

**7-** هەندێك لە توێژینەوە تایبەتییەكان بانگەشەی ئەوە دەكەن، كە لە ڕێگەی كەلتوری زمانی خوازراوەوە منداڵەكانیان فێری زمان بكرێن، هەرچەندە فێركردنی زمان لای منداڵ بەم ناوەڕۆكە كەلتورییە، مەترسییەكی زۆری هەیە، بەو پێیەی كاریگەری دەكاتە سەر متمانەی منداڵ بە كەلتورو زمانەكەی خۆی، لە هەمان كاتدا هاوسۆز دەبێت لەگەڵ زمانە بیانییەكەو كەلتورەكەیدا، لەوانەیشە كاریگەریی لە سەر دڵسۆزی خۆی بۆ زمانی دایكو كەلتورەكەی هەبێت.

**8-** فێركردنی زمانی بیانی لە قۆناغە بنەڕەتییەكاندا ئاراستەیەكی پێچەوانەیە لەگەڵ ئاراستەی سیاسەتی ئەو نەتەوانەی، كە بە شێوەیەكی گشتی سیاسەتو پلانی فێركردنی زمانی خۆیان جێبەجێ دەكەن.

## پێشنیارەكان:

بۆ ئەوەی زمانی نەتەوەیی كوردی ببێتە زمانێكی بنچینەیی لە سیستەمی پەروەردەییو فێركردندا، هەروەها شوناسی كوردی لە ڕەهەندو ئاستە جیاوازەكانیدا بپارێزێت، پێویستە ئەم گۆڕانكارییانە جێبەجێ بكرێن:

**1-** نوسینی پرۆگرامی پەروەردەییو كتێبە پەروەردەییەكانو هۆكارە یارمەتیدەرەكانیان بە زمانی كوردی بخرێنە بەر دەستی منداڵی كورد، نەك لە زمانێكی ترەوە وەرگێردراو بێت، یان بە زمانێكی تری وەك زمانی ئینگلیزی یان زمانی تر بخوێنرێن، بۆیە پێویستە قۆناغی فێركردنی زمانی دووەم دوابخرێت، تاوەكو منداڵ فێری زمانی ڕەسەنی خۆی دەبێت.

**2-** بەكارهێنانی زمانی كوردی نەك تەنها وەك زمانی وانەوتنەوە بێت، بەڵكو بۆ بەیەكگەیاندنی ڕۆژانەی نێوان سەرجەم بەشە جیاجیاكانی سیستەمی فێركردنی كوردیو لە پرۆسەی پەیوەندییكردن بە قوتابخانە كوردییەكانەوە بەكاربهێنرێت.

**3-** بەهێزكردنی پێگەی زمانی كوردی لە قوتابخانەكانەكاندا، ئەوەش:

**ا-** سیاسەتی پەروەردەیی زمانی بە جۆرێك دابنرێت، كە زمانی كوردی ببێتە تاكە زمانی فێركردن، بۆ ئەوەی هەمو فێرخوازێكی كورد لە سەر نوسینو خوێندنەوە بە زمانی نەتەوەیی ڕابهێنرێت، پێش ئەوەی فێری سیستەمی زمانێكی بیانی ببێت. تەنانەت چەسپاندنی زمانی نەتەوەیی لە خوێندنگاكاندا دەبێتە هۆكارێكی باش بۆ پاڵپشتی فێركردنی زمانی بیانی[84]. چونكە منداڵ بە وەرگرتنی زمانی دایك دەست پێدەكاتو بنەما زانیارییەكان لە مێشكیدا لە نێوان تەمەنی (5-6) ساڵیدا دروستدەبێت، ئەم دابونەریتە زمانیانە یان ڕاهێنانە زمانیانەش بە شێوەیەكی چڕوپڕ و ورد لە نێوان تەمەنی (10-11) ساڵیدا جێگیردەبێت، پاشان واپێویست دەكات، كە زمانێكی بیانی وەربگرێتو فێری سیستەمی زمانێكی ترو ڕێزمانێكی تر ببێت، كە لە سیستەمە زمانییەكەی پێشوتری جیاوازە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە منداڵ پێویستی بە كاتە، بۆ ئەوەی سیستەمی زمانی نەتەوەیی خۆی فێرببێت، پاشان گواستنەوەی بۆ قۆناغێكی دواتر، كە فێری سیستەمی زمانێكی تر ببێت[85].

**ب-** بەهێزكردنی زمانی كوردی وەك بەشێكی بنەڕەتی لە ژینگەی پەروەردەییو پرۆگرامەكاندا، بە جۆرێك بابەتی زمانی كوردی ڕۆڵێكی بنەڕەتی لەناو پۆل لە فێركردنی زمانی كوردیدا ببینێت. چونكە زمان چەقی پرۆگرامی قوتابخانەیەو بۆ فێربونی هەمو پرۆگرامەكە بەكاردەهێنرێت[86].

**4-** چارەسەركردنی كەموكورتییەكانی زمانی كوردی یەكێكە لە گرنگترین پایەكانی بونیاتنانی زانیاریی زانستی بە زمانی كوردی.

**5-** پەرەپێدانی ڕێگاكانی فێركردنی زمانی كوردی كۆڵەكەیەكی سەرەكییە لە بونیاتنانی كۆمەڵگایەكی زانیاری بە زمانی كوردی بۆ ئەو فێرخوازو مامۆستایانەی كە لە دەرەوەی وڵاتدا فێردەبن.

## ئه‌نجامه‌كان:

1. زمان بەشێكی گەورەی لە ئاسایشی نەتەوەیی بۆ خۆی داگیركردوە، وەك چۆن لایەنەكانی تری ژیان پێویستیان بە پاراستنە، بە هەمان شێوە دەبێ زمانیش ئاوا پارێزگاریی لێ بكرێت. وەك ئاسایشی نەتەوەیی زمانی كوردی لە بەردەم مەترسیو هەڕەشەی ناوخۆییو دەرەكیدایە، بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەكان ئاگایان لەو پرسە بێ، تا ڕوبەڕوی ببنەوە.

2. زمانەی نەتەوەیی هۆكارێكی لەیەكترگەیشتنو دەربڕینی بیروڕاو كۆكردنەوەی تاكەكانی نەتەوەیەكە، كە بەرژەوەندی هاوبەشو كلتوری هاوبەشو ئامانجی هاوبەشیان لە سیاقی نەتەوەو خاكێكی هاوبەشدا هەیە، باشترین ڕێگاش بۆ زیندوێتیو پەرەپێدانی بەردەوامی زمانی نەتەوەیی، پارێزگاری كردنییەتی لە ڕێگای هاندانی بەردەوامی منداڵانو پەروەردەكردنیانو گۆشكردنیان بە زمانی دایكو شانازیكردنیان بە زمانی نەتەوەیی.

3. زمانی نەتەوەیی ئامرازێكی بەهێزە بۆ پێشخستنی لایەنی هۆشەكیو فیزیكییەكانی پەروەردەو فێركردن، بۆیە پێویستە زمانی كوردی زمانی نەتەوەییو نیشتمانی بێت لە ناوەندەكانی خوێندنو فێركردنو وانەوتنەوەدا، بە تایبەتی جەخت لە سەر فێربونو فێركردنی زمانی دایك لە قۆناغەكانی باخچەی ساوایانو سەرەتاییو دواتر بكرێتەوە.

4. گرنگی زمان تەنها لە پەروەردەی زمانیدا نییە، بەڵكو ئەوەش تێدەپەڕێنێت بۆ گەیشتن لەگەڵ سەرجەم پرۆگرامە پەروەردەییەكانو ناوەڕۆكی كتێبە پەروەردەییەكانو هۆكارە یارمەتیدەرەكانیان.

5. كێشەی زمانی یەكێكە لەو كێشە گەورانەی كە لە گۆرەپانی سیاسیی هاوچەرخدا هەیە، بەهۆی ئەو هەڕەشە ناوخۆییو دەرەكییانەی كە ڕوبەڕوی زمانی كوردی دەبنەوە، هەروەها زمانەوانەكان درك بەو مەترسیانە دەكەن، كە هەڕەشە لە سەر پێگەو ئەركەكانی زمان دەكەن، بۆیە پێویستە هەوڵەكانیان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو كێشمەكێشمانەو كەمكردنەوەی كاریگەریی جیهانگیریی زمانیو فەراهەمكردنی بڵاوكردنەوەو فێركردنی زمان لە ڕێگەی پلانێكی زمانیی تۆكمەوە فراوان بكەن.

6. نابێت دەوڵەتو حكومەتو ڕۆڵەكانی ئەم نەتەوەیە لە خۆشەویستی زمانەكەیان كەمتەرخەم بن لە بەرامبەر خۆشەویستیو بە پیرۆزناساندنی زمانی ئینگلیزی، بەوەی زمانی زانستو پەروەردەو فێركردنە، تا دەگاتە ئەوەی بڵێین كە زمانێكی جیهانییەو پێویستی جیهانگیریی سەردەمە.

## پەراوێزەكان:

1. نورالدين حاطوم، تاريخ الحركات القومية، ص(6).
2. ستالين، الماركسية والقضية القومية، ص(10).
3. محەمەد مەعروف فەتاح، لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، ل(357).
4. هەندرێنو كامیار سابیر، كورد پێویستی بە یەك زمانی نووسینی نیشتمانی هەیە، ل(73).

5. هاشم ئەحمەدزادە، زمان، ئەدەب و ناسنامە، ل(256).
6. محەمەد مەعروف فەتاح، لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، ل(357-358).
7. صالح بلعيد، ترسيم المازيغية ـ حل أم عقد، ص(54).
8. كمال مەعروف، ڕەخنەی نوێی كوردی، ل(23).
9. اياد علي الهاشمي، تأريخ أوروبا الحديث، ص(117).
10. شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، ل(8).
11. وليد أحمد العناتي، تعريب التعليم ومنزلته في بناء مجتمع معرفة عربي، ص(9).
12. بۆ زانیاریی زیاتر، سود لە[ وليد أحمد العناتي، تعريب التعليم ومنزلته في بناء مجتمع معرفة عربي، ص(11-12)] وەرگیراوە.
13. أمنة بوكيل، ملامح التخطيط اللغوي في اسبانيا بين الصراع اللساني وحتمية التعايش، ص(202-203).
14. نفس المصدر، ص(203).
15. هەژار موكریانی، فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە، ل(6).
16. قەیس كاك تۆفیق، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، ل(7).
17. زكريا حسن، الامن القومي.
18. جەلیل ڕەوشەندڵ، ئاسایشی نەتەوەیی و سیستەمی نێودەوڵەتی، ل(31-32).
19. قەیس كاك تۆفیق، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، ل(116).
20. بڕوانە: مسعود ظاهر، خريطة الاقليات في الوطن العربي.
21. Nancy H. Hornberger and Sandra Lee McKay, Sociolinguistics and Language Education, p(143).
22. أحمد حساني، ترقية اللغة العربية بين التخطيط الاستراتيجي والاستثمار المؤسسي، ص(5).
23. مصطفى عوض بني ذياب، التخطيط اللغوي والتعريب، ص(112).
24. بڕوانە: هيثم سرحان، تخصص اللغة العربيّة وآدابها في الجامعات العربية، ص(77).
25. Einar Haugen, Language Planning in Modern Norway, p(8).
26. Ronald wardhaugh, An introduction to sociolinguistics, p(356).
27. David Crystal, An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, p(220).
28. http://en.wikipedia.org/wiki/language-planning.
29. Jack C. Richards and Richard Schmidt, Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, p(320).
30. صالح بلعيد، التخطيط اللغوي الضرورة المعاصرة، ص(245).
31. مراد عميروش و دليلة صاحبي، اراء الباحث الجزائري الاستاذ الدكتور صالح بلعيد في مسألة التخطيط اللغوي من خلال مؤلفاته ودراساته، ص(266).
32. مصطفى عوض بني ذياب، التخطيط اللغوي والتعريب، ص(111).
33. رادية مرجان، تأثير التخطيط اللغوي على النظام التربوي في المدرسة الجزائرية واقع وأفاق، ص(143).
34. David Crystal, The Cambridge Encyclopedia of the English Language, p(18).
35. B.H Jernudd and Das Gupta, Can Language be Planned? p(206).
36. Ibd, p(206).
37. Sandra Lee Mckay, Teaching of English Overseas: Introduction, p(9).
38. مراد عميروش و دليلة صاحبي، اراء الباحث الجزائري الاستاذ الدكتور صالح بلعيد في مسألة التخطيط اللغوي من خلال مؤلفاته ودراساته، ص(270).
39. بڕوانە: رادية مرجان، تأثير التخطيط اللغوي على النظام التربوي في المدرسة الجزائرية واقع وأفاق، ص(143).
40. أحمد حساني، ترقية اللغة العربية بين التخطيط الاستراتيجي والاستثمار المؤسسي، ص(7-8).
41. رالف فاسولد، علم اللغة الاجتماعي، ص(448).
42. بڕوانە:

1- Ronald wardhaugh, An introduction to sociolinguistics, p(357).

2- R.L.Cooper, Language planning and social change, p(31-32).

43. منير الحافظ، الوعي اللغوي، ص(159).
44. محمد أمارة، اللغة والهوية، ص(25).
45. William Stewart, Functional Distribution of Creole & French in Haiti.
46. يمينة تومي سيتواح، مكانة اللغة في التعليم العام تجربة المدرسة الجزائرية وتجربة المدرسة الابتدائية الفرنسية، ص(183).
47. عبدالكريم محمد شطناوي، گەشەكردنی زمانی منداڵ، ل(11).
48. Demise daoust, Language planning and Language reform, p(301).
49. عبدالكريم محمد شطناوي، گەشەكردنی زمانی منداڵ، ل(71-72).
50. تاريق جامبازو....، پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەكان لە هەرێمی كوردستان - عێراق، ل(11).
51. Sandra Lee Mckay, Teaching English Overseas, p(81).
52. Gibson Ferguson, Language Planning and Education, p(33-34).
53. رادية مرجان، تأثير التخطيط اللغوي على النظام التربوي في المدرسة الجزائرية واقع وأفاق، ص(143).
54. Nancy H. Hornberger and Sandra Lee McKay, Sociolinguistics and Language Education, p(145).
55. بڕوانە: رادية مرجان، تأثير التخطيط اللغوي على النظام التربوي في المدرسة الجزائرية واقع وأفاق، ص(141-142).
56. مراد عميروش و دليلة صاحبي، اراء الباحث الجزائري الاستاذ الدكتور صالح بلعيد في مسألة التخطيط اللغوي من خلال مؤلفاته ودراساته، ص(270).
57. رادية مرجان، تأثير التخطيط اللغوي على النظام التربوي في المدرسة الجزائرية واقع وأفاق، ص(144).
58. عبدالكريم محمد شطناوي، گەشەكردنی زمانی منداڵ، ل(17).
59. عبداللطيف حني، التخطيط اللغوي في المنظومة التربوية الجزائرية بين الواقع وألافاق، ص (90).
60. Ludo verhoeven, Sociolinguistics and education, p(269).
61. صالح بلعيد، لماذا نجح القرار السياسي في الفيتنام وفشل في...؟، ص(128) .
62. وليد أحمد العناتي، تعريب التعليم ومنزلته في بناء مجتمع معرفة عربي، ص(14).
63. Ayatollah Razmjoo, Fundamental concepts in Linguistics, P(58-59).
64. بڕوانە: لخضر لكحل و كمال فرحاوي، أساسيات التخطيط التربوي النظرية والتطبيقية، ص(25-26).
65. عبدالنبي اصطيف، مؤثرات في اكتساب لغة الطفل: الأسرة والمدرسة والمجتمع، ص(218).
66. Ludo verhoeven, Sociolinguistics and education, p(269).
67. David Crystal, An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, p(43).
68. Ofelia Garcia, Bilingual education, p(277).
69. Ibd, p(277).
70. Heather Lotherington, Bilingual education, p(698).
71. Ofelia García and Heather Homonoff Woodley, Bilingual education, p(136).
72. Joseph poth, Language planning in a plurilingual educational context, p(44).
73. Wayne E. Wright, Bilingual education, p(601-602).
74. Ofelia García and Heather Homonoff Woodley, Bilingual education, p(132).
75. Ingrid Gogolin, Bilingual education, p(233).
76. نايف خرما، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، ص(50).
77. ابراهيم انيس، اللهجات العربية، ص(21).
78. منير الحافظ، الوعي اللغوي، ص(167).
79. ولي الله كندو، السياسة اللغوية لدى الأمم الحية، ص(115).
80. سوهيلة دريوش، تعليم الّلغة الأجنبية (الّلغة الثانية) الّلغة الفرنسية في الجزائر, ص(110-111).
81. مراد عميروش و دليلة صاحبي، اراء الباحث الجزائري الاستاذ الدكتور صالح بلعيد في مسألة التخطيط اللغوي من خلال مؤلفاته ودراساته، ص(265).
82. سوهيلة دريوش، تعليم الّلغة الأجنبية (الّلغة الثانية) الّلغة الفرنسية في الجزائر, ص(111 و 123).
83. بڕوانە: نجاة عبدالعزيز المطوع، تأثير اللغات الاجنبية على اللغة الأم.
84. Joseph poth, Language planning in a plurilingual educational context, p(9).
85. سوهيلة دريوش، تعليم الّلغة الأجنبية (الّلغة الثانية) الّلغة الفرنسية في الجزائر, ص(111).
86. Ludo verhoeven, Sociolinguistics and education, p(271).

**سەرچاوەکان:**

**ا- بە زمانی کوردی:**

1. تاریق جامباز، ئاسۆ عەبدوڵلا حەسەن زادە(د.)، عومەر مەحموود کەریم(د.)، نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(د.)، پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، چاپی یەکەم، هەولێر، 2013.

2. جەلیل رەوشەندڵ(د.)، ئاسایشی نەتەوەیی و سیستەمی نێودەوڵەتی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە/ مستەفا شێخە، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، 2009.

3. شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جەزمی یەکەم، چاپخانەی کامەران، 1960.

4. عبدالکریم محمد شگناوی، گەشەکردنی زمانی منداڵ، و/ ئازاد ئەمین باخەوان(د.)و ناصح محەمەد فاتح، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کرکوك، 2011.

5. قەیس کاك تۆفیق(د.)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007.

6. کەمال مەعروف(د.)، ڕەخنەی نوێی کوردی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، 2007.

7. محەمەد مەعروف فەتاح(د.)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2010.

8. هاشم ئەحمەدزادە(د.)، زمان، ئەدەب و ناسنامە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2012.

9. هەژار موکریانی، فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە، چاپی پێنجەم، تاران، 1385.

10. هەندرێن و کامیاری سابیر، کورد پێویستی بە یەك زمانی نووسینی نیشتمانی هەیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2009.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

11. ابراهيم انيس(د.)، اللهجات العربية، مطبعة انباء وهبة حسان، مصر، 2003.

12. احمد حساني(أ.د.)، ترقية اللغة العربية بين التخطيط الاستراتيجي والاستثمار المؤسسي، (www.alarabiahconference.org).

13. أمنة بوكيل، ملامح التخطيط اللغوي في اسبانيا بين الصراع اللساني وحتمية التعايش، اعمال الملتقى الوطني حول: التخطيط اللغوي، 2012.

14. اياد علي الهاشمي، تأريخ أوروبا الحديث، طبعة الاولى، دار الفكر، عمان.

15. رادية مرجان، تأثير التخطيط اللغوي على النظام التربوي في المدرسة الجزائرية واقع وأفاق، اعمال الملتقى الوطني حول: التخطيط اللغوي، 2012.

16. رالف فاسولد، علم اللغة الاجتماعي، ت/ د. ابراهيم بن صالح الفلاوي، جامعة الملك سعود، 2000.

17. زكريا حسن(د.)، الامن القومي، (http://www.khayma.com/almoudaress/takafah/amnkaoumi.htm)

18. ستالين، الماركسية والقضية القومية، ترجمة/ رابطة الكتاب التقدميين، طبعة الاولى، دار النهضة الحديثة، بيروت ـ لبنان.

19. سوهيلة دريوش، تعليم الّلغة الأجنبية (الّلغة الثانية) الّلغة الفرنسية في الجزائر، اعمال الملتقى الوطني حول: التخطيط اللغوي، 2012.

20. صالح بلعيد(أ.د.)، ترسيم المازيغية ـ حل أم عقد، مجلة التخطيط والسياسة اللغوية، السنة الأولى، العدد الأول، مركز الملك عبدالله بن عبدالعزيز الدولي، المملكة العربية السعودية, اكتوبر 2015.

21. صالح بلعيد(د.)، التخطيط اللغوي الضرورة المعاصرة، منشورات المجلس الأعلى للغة العربية، الجزائر، 2011 .

22. صالح بلعيد(د.)، لماذا نجح القرار السياسي في الفيتنام وفشل في...؟، دار هومة، الجزائر، 2002.
23. عبداللطيف حني(د.)، التخطيط اللغوي في المنظومة التربوية الجزائرية بين الواقع والافاق، اعمال الملتقى الوطني حول: التخطيط اللغوي، 2012.
24. عبدالنبي اصطيف، مؤثرات في اكتساب لغة الطفل: الأسرة والمدرسة والمجتمع، مجلة الممارسات اللغوية، مخبر الممارسات اللغوية في الجزائر، جامعة مولود معمري، العدد (4)، 2011 .
25. لخضر لكحل وكمال فرحاوي، أساسيات التخطيط التربوي النظرية والتطبيقية، المعهد الوطني لتكوين مستخدمي التربية وتحسين مستواهم، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، 2009.
26. محمد أمارة(أ.د.)، اللغة والهوية، كتاب الدراسات، 2010.
27. مراد عميروش ودليلة صاحبي، اراء الباحث الجزائري الاستاذ الدكتور صالح بلعيد في مسألة التخطيط اللغوي من خلال مؤلفاته ودراساته، اعمال الملتقى الوطني حول: التخطيط اللغوي، 2012.
28. مسعود ظاهر، خريطة الأقليات في الوطن العربي (فسيفساء من الأعراق واللغات والديانات شكلت هوية المنطقة.. ومشاكلها)، جريدة الشرق الاوسط، عدد (9635)، 2005، (http://classic.aawsat.com/details.asp?article=293653&issueno=9635#.VKrBMT_vEwg)
29. مصطفى عوض بني ذياب(د.)، التخطيط اللغوي والتعريب، مجلة التعريب، العدد الثاني والاربعون، رجب/حزيران، الاردن، 2012.
30. منير الحافظ، الوعي اللغوي، دار الفرقد، الطبعة الاولى، دمشق - سورية، 2005.
31. نايف خرما(د.)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة، الكويت، 1978.
32. نجاة عبدالعزيز المطوع(د.)، تأثير اللغات الاجنبية على اللغة الأم, (www.acmls.org/medica/arabization).
33. نورالدين حاطوم، تاريخ الحركات القومية، طبعة الثاني، دار الفكر، الكويت، 1979.
34. هيثم سرحان(د.)، تخصص اللغة العربيّة وآدابها في الجامعات العربية، مجلة الكوفة، العدد (3)، 2013.
35. ولي الله كندو(د.)، السياسة اللغوية لدى الأمم الحية، مجلة التخطيط والسياسة اللغوية، السنة الأولى، العدد الأول، مركز الملك عبدالله بن عبدالعزيز الدولي، المملكة العربية السعودية, اكتوبر 2015.
36. وليد احمد العناتي(د.)، تعريب التعليم ومنزلته في بناء مجتمع معرفة عربي، مجلة مجمع اللغة العربية، دمشق، المجلد (81)، الجزء (1).
37. يمينة تومي سيتواح(د.)، مكانة اللغة في التعليم العام تجربة المدرسة الجزائرية وتجربة المدرسة الابتدائية الفرنسية، اعمال الملتقى الوطني حول: التخطيط اللغوي، 2012.

**پ- بە زمانی ئینگلیزی:**

**38.** B.H Jernudd and Das Gupta, Can Language be Planned? An East West Centre Book, Honolulu. The University Press of Hawaii, (1971).

**39.** David Crystal, The Cambridge Encyclopedia of the English Language, Cambridge University Press, 1987.

**40.** David Crystal, An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Black Well: Oxford, 1992.

**41.** Demise daoust, Language planning and Language reform,blackwell - UK. (The handbook of sociolinguistics, edited by: Florian coulmas), 1998.

**42.** Einar Haugen, Language Planning in Modern Norway, Standard University Press, (1972).

**43.** Gibson Ferguson, Language Planning and Education, Edinburgh University Press Ltd, First edition published (2006).

**44.** Heather Lotherington, Bilingual education, (The Handbook of Applied Linguistics, Edited by: Alan Davies and Catherine Elder), First published by Blackwell Publishing Ltd, (2004).

**45.** http://en.wikipedia.org/wiki/language-planning.
**46.** Ingrid Gogolin, Bilingual education, (The Routledge Handbook of Applied Linguistics, Edited by: James simpson), First edition published (2011).
**47.** Jack C. Richards and Richard Schmidt, Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Fourth edition published in Great Britain in (2010).
**48.** Joseph poth, Language planning in a plurilingual educational context, 1997.
**49.** Ludo verhoeven, Sociolinguistics and education, blackwell - UK. (The handbook of sociolinguistics, edited by: Florian coulmas), 1998.
**50.** Nancy H. Hornberger and Sandra Lee McKay, Sociolinguistics and Language Education, Techset Composition Ltd., Salisbury, UK, (2010).
**51.** Ofelia Garcia, Bilingual education, blackwell - UK. (The handbook of sociolinguistics, edited by: Florian coulmas), 1998.
**52.** Ofelia García and Heather Homonoff Woodley, Bilingual education, (The Routledge Handbook of Educational Linguistics, Edited by: Martha Bigelow and Johanna Ennser-Kananen), First published (2015).
**53.** R.L.Cooper, Language planning and social change, Cambridge, Cambridge university press, 1989.
**54.** Ronald wardhaugh, An introduction to sociolinguistics, Fifth edition published Blackwell Publishing Ltd, 2006.
**55.** Seyyed Ayatollah Razmjoo, Fundamental concepts in Linguistics, Tahran - Iran, (2004).
**56.** Sandra Lee Mckay, Teaching of English Overseas: Introduction, OUP, (1992).
**57.** Sandra Lee Mckay, Teaching English Overseas, OUP, (1999).
**58.** Wayne E. Wright, Bilingual education, (The Handbook of Bilingualism and Multilingualism, Edited by: Tej K. Bhatia and William C. Ritchie), Second Edition, Blackwell Publishing, Ltd, (2013).
**59.** William Stewart, Functional Distribution of Creole & French in Haiti. Georgeon University, Georgeon University press.

## Abstract

The title of the study is "Language planning and its role in building the educational system and kurdish language education" The paper studies, on the one hand, the task and role of Language planning in constructing the educational system and the process of learning and teaching in the medium of national language in educational institutions, especially in kindergartens and primary schools, in order to keep the kurdish national language security in general and the educational domain in paryicular. on the other hand, the research deals with the role and importance of learning and teaching of the national language as opposed to the teaching of a foreign language and its influences and consequences in the process of education.

The study is composed of three chapters. In the first chapter the role and importance of the national language is discussed. This chapter includes five sections which are: the definition and concept of national language, the importance of national language, the necessity of national language, the security of national language, and the importance of the security of national language.

Chapter two is devoted to language planning, and is composed of seven sections which are: the term and concept of language planning, the significance of language planning, the benefits of language planning, the task of language planning, the goal of language planning, the steps of language planning, and the types of language planning.

The three chapter discusses language planning and the educational system. This chapter includes the following five sections: national language and its role in the educational system, language planning and educational planning, monolingual education and bilingual education, the teaching of foreign language and its impact on the educational system, the problems of teaching a foreign language in the process of education.

Finally some recommendations and conclusions along with the notes and the references are provided.